# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەگکرن!

**٤٤٢**

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٤٢ – بە فرانبار – دسامبر ٢٠٢٣


**سەروتار**

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران


## درێژەی جەنایاتی دەوڵەتی ئیسرائیل و هاوپەیمانانی دژبە مرۆڤایەتی

## لە سەروبەندی ١٠ی دێسامبر ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ

١٠ی دێسامبر بەرابەر لەگەڵ ١٩ی سەرماوەز ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤە. ٥٧ ساڵ پێش ئێستا لە وەها ڕۆژێکدا ”جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ“ وەك بەڵگەیەکی جیهانی گرینگ، لە لایەن ”ئەنجومەنی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان“ پەسند کرا. ئەگەرچی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ هەمیشە بەشێک بووە لە مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەڵام بیرۆکەی کردنی ئەو مافانە بە بەڵگەیەکی داڕێژراو و پەسندکردنی لە کۆبوونەوەیەکی جیهانیدا دوای جەنگی جیهانی دووەم پێشنیارکرا و بە زۆرینەی دەنگ لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامی ئەوکاتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسندکرا. لە ڕاستیدا بیرۆکەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کارەساتەکانی شەڕ و لەدژی شەڕەوە سەریهەڵدا و دەیهەویست حورمەتی ئینسان و مافەکانی ئینسان وەبیربێنێتەوە و لە دووپاتبوونەوەی پێشێلکردنی ڕێگری بکات. بەڵام ئەمساڵ لە بارودۆخێکدا لە سەروبەندی ١٠ی دێسامبر ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤ داین کە مرۆڤایەتی شایەدی شەپۆلێکی تازە لە جینۆساید و جەنایەتی جەنگی دەوڵەتی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززەیە. دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل دوای هێرشی ڕێکخراوی کۆنەپەرستی حەماس لە حەوتی ئۆکتۆبر کە بەهۆیەوە زیاتر لە هەزار کەس لە خەڵکی ئیسرائیل کوژران و یان بەبارمتە گیران، بە پاساوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مەترسی تیرۆریسمی حەماس، نزیک بە دوو مانگە شەو و ڕۆژ خەڵکی فەلەستین لە زەوی و ئاسمان و دەریاوە بۆمباران دەکات. بەهۆی ئەم بۆردومانەوە هەتا ئێستا زیاتر لە ١٦ هەزار کەس و لە ناویاندا زیاتر لە ٦



## پێگە و گرینگیی مانگرتن و نارەزایەتیی کرێکاری لە بارودۆخی سیاسیی ئێستادا



## ”چایی گەیت“ی ڕژیمی ئیسلامیی سەرمایەداران



## گەشەی نارەزایەتیی کرێکاری لە جەرگەی هاوسەنگیی تازەی هێز

## سیاسەتی دژەپەنابەری یەکیەتیی ئورووپا و کارەساتی دڵتەزێنی خنکانی پەنابەران



## درێژەی کۆمەڵکوژی لە غەززە نەتانیاهۆ دەرباز ناکات

هەزار منداڵ گیانیان لەدەستداوە. دەیان هەزار کەس بریندار و زیاتر لە یەک و نیو ملیۆن کەس ئاوارە بوون. دەوڵەتی ئیسرائیل بە ئامانجی پەرەپێدان بە ناوچە داگیرکراوەکان دەیهەوێ خەڵکی فەلەستین بە زەبری کوشتار لە وڵاتەکەیان دەربکات. دەوڵەتانی ئەمریکا، بریتانیا، ئاڵمان، ئیتالیا و فەڕانسە و ... کە هەر لە سەرەتای ئەم شەڕەوە بێ شەرت و مەرج لە جەنایاتی دەوڵەتی ئیسرائیل پشتیوانییان کردووە لەم جەنایاتە بەدژی مرۆڤایەتی هاوبەش و هاودەستن. ئەگەرچی هەتا ئێستا خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە بە خۆڕاگری لەژێر ئاگری بۆمبارانی بەردەوام و وێرانکاری، بە بەهای لەدەستدانی هەزاران کەس لە ئازیزانیان، بە تەحەمولکردنی برسیەتی، توونیەتی و تاریکی و بە هێزی بزووتنەوەی هاوپشتی جیهانی ناوەرۆکی ڕاستەقینەی دەوڵەتی دەستە ڕاستی ئیسرائیل و ناوەرۆکی درۆینە و فریوکارانەی دیموکراسییەکانی بورژوایی ئەمریکا و ئورووپایان لەئاست بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ زیاتر لە هەموو کاتێک ئاشکرا و ڕسوا کردووە، وە ئەگەرچی تەنانەت ئاگربەستی شەش ڕۆژەیان لەم هەڵمەتە جەنگیەدا بەسەر دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلدا سەپاند، بەڵام ئەم جینۆساید و کۆمەڵکوژییە هەروا درێژەی هەیە.

بێگومان ناوەرۆکی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ سەرەڕای ماهییەت و بەربەستەکانی، بەرهەمی خەباتی کرێکاران و ئازادیخوازانی جیهانە. هەر هەنگاوێك پاشەکشەی سیستەمی سەرمایەداری، بە خەبات و فیداکاری بەردەوام هاتووەتە دی و بورژوازی جیهانی سەرەنجام ناچار بووە بە هاوئاهەنگ کردنی ئەو خواستانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی، لە مێژوودا بەناوی خۆی تۆماری بکات. ئەم جاڕنامەیە ئەگەرچی بناغەی سەرەکی نیزامی سەرمایەداری ناباتە ژێر پرسیارەوە و ڕێز لە ئەساسی خاوەندارییەتی تایبەت و چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ دەگرێت، بەڵام هەر لەم ئاستەشدا دەستکەوتی خەباتی مرۆڤەکانە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی لەم سەردەمەدا و ئێستاش لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداریش بۆ بەکردەوە دەرهاتنی هەمەلایەنەی، پێویستە خەبات بکرێت. دەوڵەتانی سەرمایەداری لە ئەمریکا و ئورووپا و شوێنەکانی تری جیهان، لە یەکەمین ڕۆژەکانی پەسندکردنی ئەم جاڕنامە جیهانییەوە، مافە سەرەتاییەکانی ناو ئەم بەڵگەیان لە بارودۆخی جەنگی و ئاساییدا پێشێل کردووە و ئەم بەڵگەیان کردووەتە ئامرازی سات و سەودای نێوان خۆیان.

۷۵ ساڵ لەمەوبەر، جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ لەسەر وێرانەکانی شەڕی جیهانی دووهەم ئامادەکرا تا بەناو پێوەرێکی جیهانی پێکبێت کە بێحورمەتی بە مافی ئینسانەکان تەحەمول نەکات. لەئێستادا کە پتر لە ۷۵ ساڵ بەسەر شەڕی جیهانی دووهەم و پەسەندکرانی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا تێپەڕ بووە، ڕەنگبێ نەکرێ شایەدێکی زیندوو لە شەڕ و نەهامەتییەکانی ئەو سەردەم بدۆزینەوە، بەڵام خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە و هەموو ویژدانێکی بەخەبەر کە دیمەنە دڵتەزێنەکانی جەنایاتی دەوڵەتی ئیسرائیل لەم وڵاتەدا دەبینێت، خەڵکی ئۆکراین، لاوانی سووریە، عێراق، یەمەن، لیبی، ئەفغانستان، بووسنی، ڕەواندا و شوێنەکانی تر، ئەو شایەدە زیندووانەن کە پێمان دەڵێن بە فەرمانی دەوڵەتانی واژۆکاری جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ، چییان بەسەر هاتووە و شار و وڵاتیان چۆن بە بۆمب و گوللە وێران کراوە و چۆن برا و خوشک و کەسوکاریان لە پەنایانەوە خەڵتانی خوێن کراون. ئێستا لە زۆرێک لە وڵاتان، بەئاشکرا سەرەتاییترین مافی ئینسان کە مافی ژیانە، پێشێل دەکرێت. پێشێلکردنی مافی ئینسانەکان لە قالبی بێکاری و برسییەتی و نەخۆشیی پەرەستێن و بازرگانی سێکس و قاچاخی ماددەی هۆشبەر و هیتر، تەنانەت لەناو جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤیشدا ئاماژەیەکی پێنەکراوە. سەرەڕای بوونی ئەم جاڕنامە نێونەتەوەییە، لە زۆر شوێنی جیهان ژنان لەژێر گوشاری پیاوسالاریدا نەتەنیا لە مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان بەهرەمەند نین، بەڵکوو هەموو ڕۆژێ دەبنە قوربانیی توندوتیژی. ژنانی کرێکار لەبری کاری یەکسان حەقدەستی یەکسانیان پێنادرێت. لە هێندێک لە وڵاتە مسوڵمان نشینەکان، ژن بەڕەسمی ڕەگەزی خواردەست بەئەژمار دێت. هێشتا منداڵ بە مرۆڤی کامڵ ناناسرێت و گشت مافەکانی لەبەرچاو ناگیرێ، هێشتا نەتەوەکان لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەهرەمەند نین، سزای ئێعدام لە زۆر وڵاتی جیهان بەڕێوەدەچێت، هێشتا دینداری و بێ دینی ئینسانەکان پێوەری هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتەکانە، هێشتاش هەڵاواردنی ڕەگەزی و ئەشکەنجە لە وڵاتەکاندا پاساوی یاسایی هەیە و تائێستایش ئازادی ڕادەربڕین لەژێر تیغی سانسۆڕدایە.

لە ئێران پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە باڵاترین ئاستی خۆیدا بەڕێوەدەچێت. لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا و لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە نارازییانی بە تاوانی نارەزایەتی دەربڕین لەئاست ئەم بێمافییانە کوشت. چاوی زۆر کەسی کوێر کرد و هەزاران کەسیشی خستە بەندیخانەوە. یەکێک لە شانازییەکانی ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆک کۆماری ڕژیمی ئیسلامی ئێران ئەوەیە کە ئەندامی لیژنەی مەرگی هەزاران بەندکراوی سیاسی بووە. هەر ئێستا و لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤدا لە زیندانەکانی ڕژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران هەزاران مرۆڤی شەریف بەخاتری بیروبۆچوون و مەرام و عەقیدەیان لە سیاچاڵەکاندا ڕاگیراون و لە کەمترین مافی ئینسانی بێبەرین و تارمایی مەرگ بەردەوام بەسەریاندا دەسوورێتەوە. ئەشکەنجە لە زیندانەکان و شەللاق لێدانی ئینسانەکان لەبەرچاوی خەڵک و لە شوێنی گشتی بابەتێکی ڕۆژانەیە. کۆماری ئیسلامی باڵاترین پلەی ئێعدامی لە جیهاندا بەخۆی تەرخان کردووە و ڕژیمێکە کە منداڵی کەمتر لە ۱۸ساڵیش لە دار دەدات. لەم وڵاتەدا ستەمی نەتەوەیی و ڕەگەزی و ئایینی بووەتە یاسا و کۆماری ئیسلامی بە فەرمی و لەڕووی یاساوە دەسەڵاتێکی دژی ژنە. بەڵام سەرەڕای ئەم کارنامە پڕ لە تاوانەی کۆماری ئیسلامی، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، ئەم داکۆکیکارە دووڕوو و درۆیینانەی مافی مرۆڤ، لە سات و سەودایەکی بێشەرمانەدا ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامییان وەک "سەرۆکی کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی شۆرای مافی مرۆڤ"ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاری کرد.

پێوەری پاراستن و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگایەکدا پێویستە بە پێی یەکسانی ئینسانەکان و بەهرەمەند بوونیان لە نیعمەت و بەرهەمی ئینسانی ئەو کۆمەڵگایە پێوانە بکرێت. کۆمەڵگای سەرمایەداری بە پێی جەوهەر و ماهییەتەکەی، کە لەسەر جیاوازی چینایەتی دامەزراوە، ناتوانێ داکۆکیکاری ڕاستەقینەی مافی مرۆڤ بێت. مافی مرۆڤ تەنیا کاتێك بەتەواوی دەستەبەر دەبێت کە جیاوازی چینایەتی لەناو چووبێت و ئینسانەکان ئەو ئیمکانەیان بۆ خوڵقابێت کە لە ئاسایشی تەواودا، بە یەکسانی بژین. دیارە ئەوەش لە کۆمەڵگایەکدا کە بناغەکەی لەسەر چەوساندنەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان دامەزراوە و ئامانجی بەرهەمهێنان نەك دابین کردنی پێداویستی ئینسانەکان، بەڵکوو قازانجی زیاترە، هیچ کات وەدی نایەت و زەمانەت ناکرێت. تەنیا کۆمەڵگایەك کە ئەو خەسڵەتەی هەبێت، کۆمەڵگای سۆسیالیستیە. بۆ دامەزراندنی وەها کۆمەڵگایەك کە تێیدا مافی ڕاستەقینەی ئینسانەکان دەستەبەر دەبێت، پێویستە بەردەوام خەبات درێژەی بێت. بەڵام تا ئەوکات کە کۆمەڵی ئینسان بە تەواوی لە سەرمایەداری ڕزگاری دەبێت، لەبەرچاوگرتنی مافی سەرەتایی ئینسان کە بەشێکی لە "جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ" دایە، پێویستە بە ڕەسمی بناسرێت و بەکردەوە دەربێت. بەڵام جاڕنامەی مافی مرۆڤ بەلەبەرچاوگرتنی بەربەستەکانی، بەسەرەنجدان بە ماهییەتە بورژواییەکەی ناتوانێ ئاڵای خەبات دژبەم هەڵاواردن و بێمافییانە بێت. خەبات دژبە توندوتیژیی دەوڵەت بەرانبەر ئینسانەکان، خەبات بۆ جیایی دین لە دەوڵەت و دژبە دەخاڵەتی دین لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئینسانەکان، لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ و لە وەها لێکدانەوەیەکی سنووردار لە مافی ئینسان، بانترە. تەنیا سۆسیالیسم دەتوانێ ببێتە ئاڵای خەباتی لێبڕاوانە بەدژی هەموو جۆرەکانی نایەکسانی و هەڵاواردن و بێمافی.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کاریگەری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

سەرماوەزی ۱٤٠٢

دێسامبری ۲۰۲۳

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٤٢ – بە فرانبار – دسامبر ٢٠٢٣

گۆڤاری پێشڕەو

# پێگە و گرینگیی مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاری لە بارودۆخی سیاسیی ئێستادا

ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا کە زیاتر لە یەک ساڵ لە دەستپێکی تێدەپەڕێ هەروەک ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨بەشێوەی بابەتی هاوسەنگی هێزی بەقازانجی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕیوە و زەمینەی گونجاوتری بۆ گەشەی خەباتی کرێکاری و جەماوەری فەراهەم کردووە. لەڕاستیدا ئاخێزی سەرانسەری ژینا بەستێنی گەشەی خەباتی ئابووری و سیاسی کرێکاران و ئاخێزە ناڕەزایەتییەکانی دووبارە ئامادە و بەهێز کرد. ئەم ئاخێزە نیشانی دا کە شەپۆلی خرۆشاوی خەباتی سیاسی لە جەرگەی قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و بۆشایی چینایەتی چلۆن دەتوانێ ئاراستەی دەروونی کرێکاران بۆ خەبات، پتەوتر بکات. مانگرتنی کرێکارانی نەوت و گاز و پێترۆشیمی، فوولادی ئەهواز، ناڕەزایەتی خانەنشینان و مانگرتنی شکۆمەندی کرێکارانی زەوبی ئاهەنی ئیسفەهان لە درێژەی ئەم ڕەوتە و لەم هاوسەنگییە تازەیەدا هاتووتە ئاراوە. درێژە و پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری لە ماوەی حەفتەکانی ڕابردوو، لە چەند بوارەوە گرنگە.

یەکەم – گەشەی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری لەماوەی مانگەکانی ڕابردوو و بەتایبەت یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممەکانی ناڕەزایەتی خانەنشینان، ناڕەزایەتی بەردەوامی کرێکارانی نەوت و گاز و پێترۆشیمی و مانگرتنی کرێکارانی زەوبی ئاهەنی ئیسفەهان بەڕوونی نیشانی دەدا کە شەپۆلی ئێعدامەکان و ڕەشبگیریی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، هێرش بۆسەر ژنانی بێ حیجاب و تەعەڕوزی بەرنامە بۆداڕێژیکراو و سازماندراو بۆسەر بزووتنەوەی خوێندکاری نەیتوانیوە بزووتنەوەی کرێکاری ئێران چاوترسێن بکات. ئەم بزووتنەوەیە نیشانەی ئەوەیە کە کرێکاران دەمێکە لە ژیان بە ڕەواڵی پێشوو فاسلەیان گرتووە و نایانهەوێ وەک ڕابردوو تالان بکرێن.

دووهەم – شەپۆلی ئەم دوایانەی ناڕەزایەتی خانەنشینان و داهێنانی بەڕێوەبردنی یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممەکانی ناڕەزایەتی کە چەند مانگە درێژەی هەیە نیشانەی ئەوەیە کە ئەم خەباتە چووەتە قۆناغێکی تازەوە. خانەنشینان بە پێداگری و بە گوڕوتینی خەباتکارانە و بە داهێنانیان، بە باشترین شێوە ڕێگای گەڕانەوە بۆسەر شەقامیان بە بەشە مەحروومەکانی کۆمەڵگا نیشان داوە. خانەنشینان بە ڕێپێوان و هەڵگرتنی پارچە و پلاکارد کە خواستەکانیان لەسەر نووسیوە، بە وتنەوەی دروشمی بەهێز و ڕێپێوان تا شوێنی کۆبوونەوە، بە وتاری سیاسی و بەسۆز، سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی سەرمایەداران دەبەنە ژێر پرسیارەوە. خانەنشینان بەم پەیگیری و ئیبتکاراتەی خۆیان لەناو جەماوەری ناڕازی بەڵام خامۆش، جەسارەتی هاتنە مەیدان پێک دێنن. خانەنشینان نیشانی دەدەن کە چۆن دەبێ نارزایەتی دەبرن وچۆن هەڵسوکەوت بکەن بۆ ئەوەی هێزە سەرکوتکەرەکانی دوژمن نەتوانن بە ڕاحەتی ئیعترازاتی سەر شەقام و خۆپیشاندانیان بکەنە مەیدانی تێکهەڵچوون و شەڕ.




سێهەم – پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران لە حاڵێکدا کە هێڵی هەژاری لە تاران گەیشتووتە٣٠ ملیۆن تمەن لە مانگدا، نیشانەی پڕبوونی پەیمانەی سەبر و تەحەمولی کرێکارانە. گەشەی مانگرتن و ناڕەایەتی کرێکاران حەتمی و چارەهەڵنەگرە. چونکە نە ڕژیمی ئیسلامی وڵامێکی بۆ داخوازی کرێکاران هەیە و نە کرێکاران هیچ ڕێگایەکیان بۆ پاشەکشەکردن هەیە. لە جەریانی مانگرتنی کرێکارانی زەوبی ئاهەنی ئیسفەهان پەیامی هەر دوو بەرەی ئەم نەبەردە ڕوون و ئاشکرا بوو. جێگری بەڕێوەبەری هێزی ئینسانی کارخانەی زەوبی ئاهەن ڕایگەیاند کە "ئێمە ناتوانین داخوازی کرێکاران (تەنانەت لە چوارچێوەی یاسای کار) واتە بردنەسەری حەقدەست بە نیسبەتی تەوەرۆم و دابینکردنی سەبەدی مەعیشەتی کرێکاران دابین بکەین". مەبەستی ئەوە بوو کە ناڕەزایەتی کرێکاران بە سەرکوت وڵامی پێ دەدرێتەوە. کرێکارانیش لە بەیاننامەیەکدا ڕاشکاوانە تەئکیدیان کرد کە "گاردی ویژە و باتۆم ئیتر کاریگەر نییە". هەروەها ڕایانگەیاند: "لەبیرتان نەچێ چەرخەکانی ئەم سەنعەتە بە دەستی ئێمە دەسووڕێ و بە دەستی ئێمەش ڕادەگیرێ". مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران بەتایبەت لە بارودۆخێکدا کە لەگەڵ دامرکانی ئیعترازاتی سەر شەقام، چالاکانی چینی ماماوەند ڕووحیەی دڵساردی و بێهیوایی پەرەپێدەدەن، ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە زیندوو ڕاگرتن و بەهێزکردنی گوڕوتینی خەبات و پاشەکشە کردن بە هەوڵەکانی ڕژیم لەپێناو ئەمنیەتی کردنی کۆمەڵگا هەیە. لە بارودۆخێکدا کە بەشێکی بەرین لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی بۆ گۆڕینی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی چاوی هیوایان لە بەند و بەست لەسەرەوە و لە دەخاڵەتی دسەڵاتە ئیمپریالیستەکان بڕیوە، درێژەی بێ پسانەوەی خەباتی کرێکاران ئەو خاڵە بەهێز و ئومێدبەخشەیە کە وەرەی خەباتکاری پەرەپێدەدات و هێوای ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و ڕووخاندنی دەسەڵاتی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی بەهێز دەکات.

چوارەم – هەر ئەم ڕەوتەی هەتا ئێستای خەباتی کرێکاری نیشانی دەدات کە بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕەوتی ئەو ڕووداوانەی کە لەبەردەم کۆمەڵگادان وشیارانەتر حەرەکەت دەکات. ئەمجارە لە هەر ئاخێزێکی جەماوەریدا، بزووتنەوەی کرێکاری نەک لە دەوری داخوازی ناڕوون، بەڵکوو بە خواست و داخوازی سەربەخۆی چینایەتی خۆیەوە دێتە مەیدان. لە ڕەوتی ڕوو لە گەشەی خەباتدا لەو جێگەوە کە خەباتی ئابووری و خەباتی سیاسی کرێکاران پەیوەندی و کاریگەریی لەسەر یەکتر هەیە، خەباتی ئابووری کرێکاران بەکردەوە لەگەڵ خەباتی سیاسییان ئاوێتە دەبێت. کرێکارانێک کە یاسای حەقدەستی وەزارەتی کاری ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەداران بەڕەسمی ناناسن، کرێکارانێک کە سیاسەتی خسووسی سازی واتە یەکێک لە سیاسەتە نیئۆلیبڕاڵیە سەرەکییەکانی ڕژیم دەبەنە ژێر پرسیارەوە، کرێکارانێک کە لەسەر مافی ئازادی ڕێکخراوەی سەربەخۆی کرێکاری و ئازادی کرێکارانی زیندانی و بەندکراوانی سیاسی پێداگری دەکەن، موعەلیمانێک کە خوێندن و دەرمانی بەخۆڕاییان کردووتە سەرلەوحەی خواستەکانیان، بەکردەوە سنووری خەباتی ئابوورییان تێپەڕاندووە و داخوازییەکانیان لەگەڵ خەباتی سیاسی ئاوێتە کردووە. لەڕاستیدا بەشی پێشڕەوی چینی کرێکار ئاڵای خەبات دژبە فەلاکەتی ئابووری کە خواستی زۆربەی خەڵکی ئێرانە بە دەستەوە گرتووە.

پێنجەم – ئەگەرچی ناڕەزایەتی بەردەوام و لێبڕاوانەی خانەنشینان بەتەواوی ڕێکخراوە، و ناڕەزایەتی ئیدامەداری کرێکارانی نەوت و گاز و پێترۆشیمی ئاستێکی باڵا لە ڕێکخراوبوون نیشان دەدات، و مانگرتنی زەوبی ئاهەنی

ئیسفەهان بە ۱۸ هەزار کرێکارەوە بە بێ ئاستێکی باڵا لە چالاکیی ڕێکخراو قابیلی تەسەور نییە. بەڵام پێویستە ئەوەش بوترێ کە تەنانەت خۆبەخۆترین نارەزایەتییەکانیش تا ئاستێک خاوەنی ڕێکخراو و ڕێبەرین. ئەم ئەزموونانە و گشت ئەزموونی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران و جیهان نیشانی دەدات کە مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاری بەستێنێکی زۆر گونجاوی بۆ ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار پێکهێناوە. ڕێکخراوی جەماوەری و چینایەتی و سەربەخۆ لە دەوڵەت بەرهەمی خەباتە. ڕێکخستنی چینی کرێکار لە بۆشاییدا ناکرێ. مانگرتن کە ئامرازی خەباتی بەکۆمەڵی کرێکاران و خوێندنگەی پەروەردەکردنی چینی کرێکار و پێشڕەوانی ئەم چینەیە، لە هەمان حاڵدا ئامراز و مێکانیسمێکە کە کرێکاران لە ئاستی جەماوەریدا لە زەروورەتی ڕێکخراوبوون ئاگادار دەبنەوە. کرێکارانی حەوت تەپە لە جەرگەی خەبات و مانگرتنی شکۆمەندی خۆیان بە بەڕێوەبردنی بەردەوامی کۆبوونەوەی گشتی یان مەجمەعی عموومی وەک پایەی ڕێکخراوی شۆرایی، بە دەخاڵەتدانی ڕاستەوخۆی کرێکاران لە بڕیاردان، بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان بۆ بەدواداچوونی خواستەکانیان، نیشانیان دا کە پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکان بابەتێکی مومکین و عەمەلییە. کرێکارانی سەنعەتی نەوت و گاز و پێترۆشیمی لە جەریانی خەباتدا دەرەجەیەکیان لە سازمان پەیدا کرد، مامۆستایان و خانەنشینان لە جەریانی نارەزایەتییەکانی خۆیان ڕێکخراوی سەراسەری خۆیان پێکهێنا و بەهێزتریان کرد. ئەم ئەزموونانە نیشانی دەدەن کە کرێکاران نابێ ئێپکهێنانی ڕێکخراوی چینایەتی و جەماوەری و سەربەخۆ لە دەوڵەت بۆ دوای ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی هەڵگرن، بەڵکوو پێویستە هەر ئەمڕۆ بۆ پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوانە قۆڵ هەڵماڵین.

بەڵام ئەزموونی ئێران و ئەزموونی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لە وڵاتانی باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا پێمان دەڵێ کە هێنانە گۆڕی داخوازی سەربەخۆ بەتەنیا ناتوانێ سەرکەوتنی بزووتنەوەی کرێکاری و بەشوێنیدا بزووتنەوەی جەماوەری، زەمانەت بکات. لێرەدا ئەوەیکە ڕۆڵێکی چارەنووس سازی هەیە ئەوەیە کە چینی کرێکار نەتەنیا بە خواستی سەربەخۆوە بەڵکوو بە ڕێکخراوی سەربەخۆ و بە ستراتێژی سۆسیالیستی ڕوون و بە نەخشەڕێگای خۆیەوە بێتە مەیدان، بەجۆرێک کە پێشتر وێنەیەکی ڕوونی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پێشڕەوی بزووتنەوەی چیانەیەتی خۆی هەبێت. بۆ چینی کرێکار زەروورییە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لەوانە بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بزووتنەوەی دیفاع لە ژینگە و باقی بزووتنەوە نارەزایەتییە پێشڕەوەکان لەگەڵ خۆی یەکگرتوو و هاوڕێ بکات و بێگومان ئەم بابەتەش بە بێ تەحەزوبی کۆمۆنیستی ڕێبەران و هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی چینی کرێکار لە پانتایی کۆمەڵگادا مومکین نییە.

❊❊❊

# مەبەست لە ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری چییە؟

مەبەست لە ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری چییە؟ ئایا لە وڵاتێک کە هەموو شتێک ڕەنگ و بۆی سیاسی هەیە، ڕێکخراوی کرێکاری دەتوانێ سەربەخۆ لە سیاسەت و ئەحزابی سیاسی بێت؟

بۆ وڵام بەم پرسیارە پێویستە بڵێین کە مەبەستمان لە ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری، ڕێکخراوی کرێکاری سەربەخۆ لە دەوڵەتە. ئێمە لەسەر سەربەخۆیی ڕێکخراوی کرێکاری لە دەوڵەت تەئکید دەکەین. ڕێکخراوی کرێکاری سەربەخۆ لە دەوڵەت و خاوەنکار بەو مانایەیە کە دەوڵەت و خاوەنکار نابێ لە هیچ قۆناغێک لە پرۆسەی پێکهاتنی ڕێکخراوی کرێکاریدا دەخاڵەت بکەن. دەوڵەت نابێ هیچ جۆرە دەخاڵەتێکی لە دیاریکردنی جۆری ڕێکخراوێک کە




کرێکاران پێکی دێنن هەبێت. دەوڵەت نابێ لە جۆری پێکهاتەی ڕێکخراوی کرێکاریدا دەخاڵەت بکات. ئەوەیکە کرێکاران شۆرا پێک دێنن یان سەندیکای کرێکاری یان هەر شێوازێکی دیکە، ئەوە ئەمری خودی کرێکارانە. پێکهێنانی ڕێکخراوی کرێکاری نابێ بە ئیزنی دەوڵەت یان ئۆرگانێکی وەک وەزارەتی کار یان خانەی کاریگەر و ناوەندەکانی ترەوە سنووردار کرابێتەوە. لە یاسای کار و باقی یاساکانی وڵاتدا پێویستە ئازادی و مافی پێکهێنان و بەرپاکردنی ڕێکخراوی کرێکاری بە بێ کەموکوڕی بە ڕەسمی بناسرێت و کرێکاران ئازاد و موختار بن کە ڕێکخراوی دڵخوازی خۆیان لە هەر پرۆسەیەکدا و بە هەر شێوەیەک کە خۆیان پێیان گونجاوە پێک بێنن. لە یاسای کاری دڵخوازی کرێکاراندا پێویستە ڕاشکاوانە باسی ئەوە بکرێت کە کرێکاران لە پێکهێنانی هەموو جۆرە ڕێکخراوەیەک لەوانە ڕێکخراو بۆ خەباتی ئابووری، سیاسی و یان کلتووری ئازادن. هەموو جۆرە ڕێکخراوێکی کرێکاری لە ئاستی کارگە، کارخانە و ناوچە و شار و یان پێکهێنانی ڕێکخراوی سەرانسەری ئازادە. دەوڵەت ئەرکی سەرشانیەتی و پێویستە هەموو ڕێکخراوەکان و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکاران بەڕەسمی بناسێت. پێویستە دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە هەموو کاروباری پێوەندیدار بە کار و ناکۆکیی کرێکار و خاوەنکار بەڕەسمی بناسێت. نە دەوڵەت و نە هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە تەعەڕوز بکاتە سەر ئەم ڕێکخراوانە. ئەگەر لە یاسای کار یان باقی یاساکانی وڵات خەزمەتگوزارییەک بۆ ڕێکخراوە کرێکارییەکان لەبەرچاو گیرابێت، تەنها تۆمار کردنی ناوی ئەم ڕێکخراوانە دەبێ کافی بێت بۆ ئەوەی بتوانن لەم خزمەتگوزارییە بەهرەمەند بن. لە ئیختیار دانانی ئەم خزمەتگوزارییانە نابێ بە قەبووڵ کردنی هیچ شەرت و مەرجێک لەلایەن ئەم ڕێکخراوە کرێکارییانەوە سنووردار کرابێتەوە. کەوابوو نابێ هیچ یاسایەک بوونی هەبێ سەبارەت بەوەیکە ڕێکخراوە کرێکارییەکان دەبێ چ تایبەتمەندییەکیان هەبێت تا لە لایەن دەوڵەتەوە بەڕەسمی بناسرێن. بەم تەوزیحاتەوە کە درا ئاشکرایە کە مەبەست لە ڕێکخراوی سەربەخۆ، ڕێکخراوی کرێکاریی سەربەخۆ لە دەوڵەتە. لە بزووتنەوەی کرێکاری ئێراندا بەهۆکاری جۆراوجۆر خەبات بۆ مافی پێکهێنانی ڕێکخراوی کرێکاری سەربەخۆ لە دەوڵەت گرینگیەکی تایبەتی هەیە و بووەتە یەکێک لە خواستە سەرەکییەکانی کرێکاران.

دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە دەگەینە بەشی دووەمی پرسیارەکە: ئایا ڕێکخراوی کرێکاری دەتوانێ سەربەخۆ بێ لە سیاسەت و حیزبە سیاسییەکان؟

ئێمە هەرکات باس لە ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری دەکەین، لەسەر سەربەخۆبوون لە دەوڵەت تەئکید دەکەین. ئامانجی ئێمە لە تەئکید لەسەر سەربەخۆبوونی ڕێکخراوی کرێکاری لە دەوڵەت بەم دەلیلەیە کە لە ڕوانگەی ئێمەوە حوکم و فەرمانی سەربەخۆبوونی ڕێکخراوی کرێکاری لە سیاسەت و حیزبە سیاسییەکان دروست نییە. هەڵبەت ڕێکخراوی کرێکاری دەتوانێ و دەبێ لە بواری یاسایی و ڕێکخراوەیی و لە بواری ماڵییەوە سەربەخۆ لە حیزبە سیاسییەکان بێت بەڵام ئەوە بە مانای سەربەخۆبوون لە سیاسەتی حیزبەکان بەگشتی و سیاسەتی حیزبێکی دیاریکراو نییە. ڕێکخراوێکی کرێکاری لە هەمان حاڵدا دەتوانێ لە بواری یاسایی و ڕێکخراوەییەوە سەربەخۆ بێت بەڵام لە بواری سیاسییەوە لەژێر کاریگەری و نفووزی سیاسەت و بۆچوونی حیزبێکی دیاریکراودا بێت. لێرەدا ئەم هەڵوێستە زیاتر ڕوون دەکەینەوە. هەروەک چۆن هیچ کەس دژی دەخاڵەتی تاکەکانی کۆمەڵگا، بە هەر پێگەی کۆمەڵایەتی و پۆست و مەنزەلەتێکەوە، لە سیاسەتدا نییە، بەڕواڵەت هەرکەسیش دەخاڵەتی تاکەکەسی کرێکاران لە سیاسەتدا بەڕەسمی دەناسێت. هەروەک نوێنەرێکی مەجلیس، کارمەندێکی وەزارەتخانە، مامۆستایەکی زانکۆ، سەرمایەدار و خاوەن کارخانەیەک دەتوانێ سیاسەت بکات و ببێتە ئەندامی حیزبێکی سیاسی دیاریکراو، کرێکاریش دەتوانێ بیر لە سیاسەت بکاتەوە، سیاسەت بکات و ببێتە ئەندامی حیزبێکی سیاسی و بکەوێتە سەرووی حیزبێکی کۆمۆنیستیی دیاریکراوەوە.

هەروەک چۆن سەرمایەداران دەتوانن بەشێوەی ڕێکخراو لە سیاسەتدا دەخاڵەت بکەن، لە دنیای واقعیدا ناکرێ بەربە

دەخاڵەتی ڕێکخراوی کرێکاران لە سیاسەتدا بگیرێت، ناکرێ لە دەخاڵەتی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە کاروباری سیاسی ڕێگری بکرێت. خەباتی چینایەتی خەباتێکی ڕێکخراوە و بەشێوەی ڕێکخراو بەڕێوەدەچێت. ئەگەر چاو لێبکەین دەبینین کە لە دنیای واقعیدا سەرمایەداران چ لە ئاستی مەحەلی و میللی، چ لەئاستی ناوچەیی و جیهانی دا، لە ناوەندە جۆراوجۆرەکاندا خۆیان ڕێکخستووە. ئەوان خۆیان لە مەجلیس و پەرلەمان، لە ئەرتەش و پۆلیس و زیندانەکان، یەکیەتی خاوەنکاران، لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ناتۆ و لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و لە هەزار و یەک ڕێکخراو و ناوەندی دیکەدا ڕێکخستووە کە هەر کامیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سیاسەتدا دەخیلن و پێکەوە سیاسەت و فەرهەنگی زاڵی جیهان پێک دێنن. بێگومان لەو نێوەدا ناکرێ دەخاڵەتی ڕێکخراوی چینی کرێکار و ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە سیاسەتدا مەنع بکرێت.

کەوابوو هەروەک کرێکاران بەشێوەی تاکەکەسی لە سیاسەتدا دەخاڵەت دەکەن و دەتوانن ببنە ئەندامی حیزبێکی سیاسی دیاریکراو، ڕێکخراوی کرێکاریش دەتوانێ لە سیاسەتدا دەخاڵەت بکات، لە سیاسەتەکانی حیزبێکی دیاریکراو پشتیوانی بکات و لەژێر کاریگەری و نفووزی سیاسی و مەعنەوی حیزبێکی سیاسی دیاریکراودا بێت. ڕێکخراوێکی کرێکاری بە هەر ڕادەیەک لەگەڵ حیزبێکی سیاسی پەیوەندییەکی نزیکی هەبێت بەڵام لە بواری ڕێکخراوەیی و یاساییەوە دەتوانێ سەربەخۆیی خۆی لە حیزبەکان بپارێزێت. واتە سووخت و سازی ڕێکخراوەیی و تەشکیلاتییەکەی بەپێی ئەساسنامە و پێورە تەشکیلاتییەکانی هەمان ڕێکخراوی کرێکاری ئەنجام دەدرێت. بڕیاردان و دابەشکردنی بەرپرسایەتییەکان لەڕێگەی مێکانیسمە پێناسەکراوەکانی خودی ئەم ڕێکخراوەوە بەڕێوەدەچێت. کاریگەری سیاسی ئەحزاب لەسەر بڕیارەکانی ڕێکخراوێکی کرێکاری لە ڕێگەی میکانیزمە سیاسییەکانەوە ئەنجام دەدرێت. ئەگەر حیزبێک بیهەوێت ڕێکخراوێکی کرێکاری بڕیارێکی دیاریکراو بدات، ئەوە تەنیا بە ڕازیکردنی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە کرێکارییە دەکرێت کە ڕەنگە هەندێکیان ئەندامی هەمان حیزب بن. ئەوەیکە ڕێکخراوێکی کرێکاری لە کام حیزب نزیکە و چ جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ یەک یان چەند حیزب پێک دێنێت بابەتێکی تەواوەن سیاسییە و پەیوەندی بە خودی ئەم ڕێکخراوە کرێکارییەوە هەیە و خودی ئەندامانی ڕێکخراوە کرێکارییەکە دیاری دەکەن. هەڵسووڕاوانی ڕێکخراوێکی کرێکاری ئەگەر سەربە حیزبێکی سیاسی دیاریکراویش بن، پێویستە لە ناو ڕێکخراوە کرێکارییەکەدا، پێوەرە پێناسەکراوەکانی هەمان ڕێکخراو پەیڕەو بکەن.

لە مێژووی ئێراندا ئەوە دەوڵەتە سەرمایەداری و کۆنەپەرستەکان بوون کە لەسەر سەربەخۆیی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ئەحزابی سیاسی پێداگرییان کردووە. لە سەردەمی دیکتاتۆری سەڵتەنەتی پەهلەویدا، دەسەڵاتداران بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ یەکیەتییە کرێکارییەکان کە بە ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دواتر لەلایەن حیزبی توودەوە پێکهاتبوون، مەسەلەی "ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری"یان لەناو بزووتنەوەی کرێکاریدا هێنایە گۆڕ و لەژێرناوی وابەستە بوون بە ئەحزابی چەپ هێرشیان کردە سەر ڕێکخراوە کرێکارییەکانی ئەو سەردەم. دژەشۆڕشی ئیسلامیش لەگەڵ داگیرکردنی دەسەڵات، شۆرا کرێکارییە سەربەخۆکانی نابوود کرد و هەوڵی دا تۆڕی سیاسی ئیدئۆلۆژیک و سیخۆڕی خۆی وەک شۆرای ئیسلامی، ئەنجومەنی ئیسلامی و هیتر لەژێرناوی ڕێکخراوی کرێکاری بە زۆر و سەرکوت بەسەر کرێکاراندا بسەپێنێ. ئەم ڕژیمانە ئامانجیان جیاکردنەوەی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ئەحزابی چەپ و کۆمۆنیست بوو. لە ڕوانگەی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی سەرمایەداری، شۆرا و یەکیەتییە کرێکارییەکان دەبێ لە بواری سیاسییەوە لە حیزب و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەربەخۆ بن و نابێ لە باڵی چەپی گۆڕەپانی سیاسی وڵاتدا بەشدار بن. هەروەک باسمان کرد لە ڕووی مێژووییەوە، پرسی سەربەخۆیی شۆرا و یەکیەتییە کرێکارییەکان لە حیزبە سیاسییەکان و سیاسەت بە گشتی تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوە کرێکارییەکانی نزیک بە حیزبە چەپ و کۆمۆنیستەکان هاتووەتە ئاراوە.

***

## بۆ کۆتاییهێنان بە جەنایاتی جەنگی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە پێویستە بزووتنەوەی جیهانی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین بەهێزتر بێتە مەیدان

لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئاگربەستی کاتی و گۆڕینەوەی دیلەکان دەوڵەتی ئیسڕائیل هەڵمەتێکی بێوێنەی بۆمبارانکردنی خەڵکی فەلەستینی لە کەرتی غەززە خستووەتە ڕێ. شایەتحاڵان و هەواڵنێرانێک کە ئاکامەکانی ئەم هەڵمەتە جەنگییە بە دژی خەڵکی غەززە بە قەڵەم و وێنە دەکێشن، هەر هەموویان باس لە بەرینایی جەنایەتی جەنگی و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەن. بەپێی ڕاپۆرتەکان بۆمبارانی شاری خان یوونس قورسترین، وێرانکەرترین و پڕتەڵەفاتترین بۆمباران بووە لە دەستپێکی ئەم شەڕەوە. ئەم بۆمبارانە هاوکات لەگەڵ هێرشی بەرینی هێزەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل لە باکووری غەززە، ژمارەی قوربانیانی بە شێوەیەکی بێوێنە بردووەتە سەری. دەوڵەتی ئیسڕائیل لە حاڵێکدا هۆشداری بە دانیشتووانی خان یوونس داوە ئەم ناوچەیە جێ بهێڵن کە هیچ خاڵێکی ئەمن لە غەززەدا بوونی نییە. تەنها دوای دوو ڕۆژ لە کۆتایی ئاگربەستی کاتی، جەستەی بێ گیانی زیاتر لە حەوسەد و پەنجا کەس بۆ نەخۆشخانەکان گواستراوەتەوە. سەدان کوژراو و بریندار کەوتوونەتە ژێر ماڵە ڕووخاوەکان و بۆمبارانی بەردەوام مەجالی هێنانەدەریان نادات. لە دەستپێکی ئەم شەڕەوە هەتا ئێستا نزیکەی شازدە هەزار کەس و لە ناویاندا زیاتر لە شەش هەزار منداڵ گیانی خۆیان لە دەست داوە. بەرینایی جەنایەتی دەوڵەتی ئیسرائیل بە دژی خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە هێندە ترسناکە کە تەنانەت ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی فاشیست کە خۆی جەنایاتی جەنگی دژ بە خەڵکی کوردستان لە تورکیا و سووریا و عێراق لە کارنامەکەی دایە، ڕایگەیاندووە کە نەتانیاهۆ وەک تاوانکاری شەڕ پێویستە موحاکمە بکرێت. لە حاڵێکدا کە جەنایاتی جەنگی و جینۆسایدی بنیامین نەتانیاهۆ لە غەززە درێژەی هەیە، گاڵتەجاڕی ئەوەیە کە دادگای ئیسرائیل بەدواداچوون بۆ دۆسیەی گەندەڵی دارایی ناوبراوی کە لە حەوتی ئۆکتۆبرەوە ڕاگیرابوو دەستپێکردووەتەوە.



لەو جێگەوە کە دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئورووپایی لە ناتۆ بە بۆنەی جۆراوجۆر لەگەڵ ئاگربەستی دایم و ڕاوەستانی بۆمبارانەکان موخالفەت دەکەن، لە ئاست کوشتاری خەڵکی فەلەستین لە غەززە بەرپرسیارن. ئاگربەستی کاتی کە ئیمکانی چوونی ڕۆژنامەوانانی بۆ غەززە فەراهەم کرد ماهیەت و بەرینایی هێرش و بۆمبارانی دەوڵەتی ئیسڕائیل و تاوانەکانی لە غەززە زیاتر ئاشکرا کرد. ئەگەرچی ئاماری تەڵەفات لە کاتی شەڕدا هەرگیز دروست و جێگای متمانە نییە بەڵام ڕاپۆرتێک لە نیویۆرک تایمز لەسەر زاری کارناسانەوە دەڵێت: " تەنانەت لێکۆڵینەوەیەکی پارێزکارانە لە ئاماری قوربانییان لە غەززە نیشانی دەدات کە خێرایی کوشتن لە جەریانی هەڵمەتی جەنگی ئیسرائیل لە ماوەی ئەم سەدەیەدا بێوێنە بووە. ئەوان دەڵێن کە خەڵک لە غەززە خێراتر لە مەرگبارترین ساتەکانی هێرش بۆ سەر عێراق، سووریا و ئەفغانستان بەڕێبەری ئەمریکا کە لە لایەن گرووپەکانی مافی مرۆڤەوە بە شێوەی بەرین دراوەتە بەر ڕەخنە، دەکوژرێن.

دەوڵەتی ئیسرائیل بە پاساوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مەترسی تیرۆریزمی حەماس و هەوڵ بۆ نابوودکردنی، لە بۆمبی بەهێز بۆ خاپوور و وێرانکردنی گەڕەکەکان و بیناکان کەڵک وەردەگرێت. ئەم تاکتیکە تەڵەفاتی خەڵکی سڤیل یەکجار دەباتە سەر. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم بۆمبارانە وێرانکردنی هەموو ژێرخانە مەدەنییەکان و کوشتار و پەرەپێدانی ترسە لە ناو خەڵکی غەززەدا. بەرینایی کوشتار و وێرانکاری دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە هێندە بێ وێنەیە کە دەوڵەتی ئەمریکا و باقی هاوپەیمانانی ڕۆژاوای ناتوانن لە ئاست ئەوەی کە لە غەززەدا ڕوو دەدات خۆ لە بێخەبەری بدەن. دەوڵەتی ئیسڕائیل ئامانجی خۆی نابوودی حەماس

وەسف کردووە بەڵام بە کردەوە نیشانی داوە کە کوشتنی زیاتری خەڵکی سڤیل و دەرکردنی بە کۆمەڵی فەلەستینییەکان لە کەرتی غەززە هەم تاکتیک و هەم بەشێک لە ستراتێژی جەنگی ئەرتەشی ئیسڕائیلە. دەوڵەتی ئیسڕائیل ئەگەرچی ئامانجی خۆی نابوودی حەماس ڕاگەیاندووە بەڵام بەم تاوانە جەنگیانەی و بە درێژەی داگیرکاری، بەستێنی پەرەسەندنی ڕەوتە کۆنەپەرست و تیرۆرستەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لەوانە حەماس و ڕێکخراوی جەهادی ئیسلامی لە ناو خەڵکی فەلەستیندا زیاتر فەراهەم دەکات.



ئێستا کە جەنایەتی جەنگی دەوڵەتی ئیسرائیل بە دژی خەڵکی فەلەستین لە غەززە لە ئاستێکی بێ وێنەدا درێژەی هەیە خواستی بەپەلەی بزووتنەوەی جیهانی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین ئاگربەست و ڕاگرتنی دەستبەجێ شەڕە. ئاگربەست بەربەستەکانی سەر ڕێگای ئاشتی پایەدار لەناو نابات. بە تایبەت لە بارودۆخی ئێستادا بە هۆکاری ئەوەیکە لە ئیسرائیل دەوڵەتێکی دەستی ڕاستی و فاشیست لەسەر کارە و دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئورووپایی لە ناتۆ بێ شەرت و مەرج لە جەنایاتی پشتیوانی دەکەن ئەگەری گەیشتن بە وەها ڕێککەوتنێک لاوازە. بەڵام ئاگربەست دەتوانێ هەڵمەتی وەحشیانەی کوشتاری بە کۆمەڵ و جینۆساید لە کەرتی غەززە کۆتایی پێبێنێ. بۆ داسەپاندنی ئاگربەست و ڕاگرتنی تاوانە جەنگییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە پێویستە بزووتنەوەی جیهانی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین بەهێزێکی زیاترەوە بێتە مەیدان.

سەرەنجام بۆ ڕزگاری لەم جینۆسایدە و جەنایاتی جەنگی ڕێگایەک بوونی نییە بێجگە لە ئەوەیکە کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین و هێزە ئاشتیخواز و پێشکەوتنخوازەکان لە ئیسڕائیل یەکگرتوانە بە دژی ئەم دەوڵەتە دەستی ڕاستییە ڕاپەڕن. دەسەڵاتێک کە مانەوەی خۆی لە پێشێلکردنی مافی خەڵکی فەلەستین و کوشتاری بەردەوامیاندا دەبینێ. خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین تەنها بە یەکگرتن و هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و بە خەباتی یەکگرتووانەی خۆیان و بە ڕاکێشانی پشتیوانی مرۆڤایەتی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە سەرانسەری جیهان و بە سنوربەندی لێبڕاوانە لەگەڵ سیاسەتی دژە یەهوودیی ڕەوتە ئیسلامییەکان دەتوانن ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لەم وەزعیەتە نابەسامانە لەپێناو گەڕانەوەی ئاوەرەکان بۆ وڵاتێک کە لێی دەرکراون و لەپێناو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین لەم وڵاتە بدۆزنەوە. زەمینەکانی ئەم هاوپشتییە فەراهەمە. ڕەوابوونی داخوازی و خەباتی خەڵکی فەلەستین، هۆگرایەتی جیهانی مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، بوونی ناوەند و کۆمەڵێکی بەرین لە کرێکاران و نەوەی لاوی ئاشتیخواز لە ئیسڕائیل و هێزی هاوپشتی جیهانی دەتوانێت پرۆسەی ڕزگاری خەڵکی فەلەستین و پێکەوەژیانی ئینسانی خەڵکی ئیسرائیل و فەلەستین خێراتر بکاتەوە. بۆ وەدیهاتنی خواستە ئەساسییەکانی خەڵکی فەلەستین پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ یەکەمین هەنگاوی زەروورییە کە دەبێ هەڵبگیرێت. بە پێکهاتن و بە ڕەسمی ناسینی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین چینی کرێکار و خەڵکی بێ بەشی فەلەستین بۆ وەدیهاتنی خواستی چینایەتی و ئازادیخوازانەیان و خەبات دژ بە گەندەڵی کۆنەپەرستی ناوخۆیی دەکەونە پێگەیەکی گونجاوترەوە.

بەڵام هەڵگرتنی ئەم یەکەمین هەنگاوە و دەستپێکی پرۆسەی ڕاستەقینەی ئاشتی لە ناوچەکە بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی ملیۆنها ئاوارەی فەلەستینی پەراکەندە لەم ناوچەیە، بەبێ ڕاگرتنی سیاسەتی دروستکردنی شارۆچکەی یەهوودی نشین، بەبێ چوونەدەری هێزە داگیرکەرەکان لە وڵاتی فەلەستین، بەبێ وەڕێخستنی پرۆژەی نوێکردنەوەی وێرانکارییەکانی چەندین ساڵە و بەبێ ئازاد کردنی هەموو بەندکراوانی فەلەستینی لە ئیسرائیل نایەتە دی. لە هەمان حاڵدا بە پێکهاتنی دەوڵەتی ڕەسمی و سەربەخۆی فەلەستین مەیدانی مانوڕ و سوئیستفادەی مێژوویی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و ئیرتجاعی ئیسلامی کە لە مەزلومییەتی خەڵکی فەلەستین بۆ درێژەی دەسەڵات لە وڵاتی خۆیان و یان بۆ بەدەستهێنانی نفووز لەناو خەڵکی ناوچەکە کەڵک وەردەگرن سنووردارتر دەبێتەوە.

❊❊❊

## گەشەی نارەزایەتیی کرێکاری لە جەرگەی هاوسەنگیی تازەی هێز

قۆناغی نوێی ئەو نارەزایەتییانەی کە لە مانگی ڕەزبەرەوە لە سەنعەتی نەوت و گاز دەستی پێکردبوو لەئێستادا بۆ سێهەمین حەفتەی بەردەوام هەروا درێژەی هەیە و بەرەو ناوەندەکانی دیکە پەرەی سەندووە. ئەم ناوەندانە بریتین لە: ئاغاجاری، ئەهواز، سەکوکانی ئەبووزەر و بەهرگانسەر، ناوچەی نەوتی جەفیر، بەندەری ماهشەهر، خارک، پێترۆشیمی ئابادان و مکران، ناوچەی عەمەلیاتی ئەروەندان، ناوچە نەوتییەکانی جنووب، زاگرۆسی جنووبی، میللی حەفاری، پاڵاوگەی ئاغار داڵان، نەوت و گازی غەرب. هێندێک لە داخوازییەکانی کرێکاران لەم ئیعترازاتە بریتین لە: لابردنی یەکجاریی سەقفی حقووق، لابردنی بەربەستەکانی حەقی سەنەواتی خانەنشینی، پێدانەوەی مازادی ماڵیاتی وەرگیراو، نەبوونی هەڵاواردن لە ناوچە عەمەلیاتییەکان و نەگۆڕینی ئەساسنامەی سندووقی خانەنشین. شۆرای ڕێکخستنی نارەزایەتییەکانی کرێکارانی پەیمانی نەوت" هەوڵی داوە لە نێوان ئەم نارەزایەتییانەدا هاوئاهەنگی پێکبێنێت و کرێکارانی بانگەشەی دیفاعی یەکگرتووانە لە داخوازی بەشە جۆراوجۆرەکان کردووە. لە حاڵێکدا کە ڕۆژانی ڕابردوو نارەزایەتیی بەردەوام لە ناوەندەکانی نەوت و گاز و پێترۆشیمی درێژەی بووە، کرێکارانی زەوبی ئاهەنی ئیسفەهان لە یازدەی مانگی سەرماوەزدا مانگرتنی بەهێز و یەکگرتووانەی خۆیان دەستپێکرد. داخوازی سەرەکی ئەم کرێکارانە هەروەک بەشەکانی تری کرێکاران ڕیزبەندی پیشەکان، هاوسانسازی حەقدەست لەگەڵ باقی بەشەکانی فووڵاد و بردنەسەری ئاستی حەقدەستە. بێهۆ نەبوو کە چوار ڕێکخراوی کرێکاری لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ڕوو بە کرێکارانی مانگرتوو نووسییان: „مانگرتن و نارەزایەتی ئێوە بۆ گەیشتن بە خواستەکانتان سەلمێنەری ئیرادەی پۆڵایینتانە. ئێوە بە دروستی ئەو خواستانەتان گەڵاڵە کردووە کە سەرچاوەی بێبەری بوون لێیان خاوەنکاران، مودیران و دەوڵەتن. هەروەها لە درێژەدا دەنووسێ: „کرێکاران بۆ پێشخستنی خواستەکانی ئەمڕۆ و سبەینێی خۆیان زیاتر لە هەموو شتێک پێویستیان بە پاراستنی یەکڕیزی و خەباتە لەپێناو دامەزراندنی ڕێکخراوی چینایەتی لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی کار و پیشەیان. ١٨ هەزار کرێکاری زەوبی ئاهەنی ئیسفەهان و هەزاران کرێکاری سەنعەتی فلز و فووڵادی ئێران دەبێ بیر لە یەکگرتوویی چینایەتی و بوون بە بەرەیەکی بەهێز لە خەباتی چینایەتی بکەنەوە“.




ئەم بارودۆخە درێژەی ڕەوتی ڕوو لە گەشەی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێرانە. بێگومان دەتوانین بڵێین کە لە هەلومەرجی ئێستادا چینی کرێکاری ئێران یەکێک لە پڕجموجۆڵترین بەشەکانی چینی کرێکار لەئاستی جیهاندایە. لەم قۆناغەدا لە کەمتر شوێنێکی جیهان چینی کرێکار لەم ئاستەدا لەسەر ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی کۆمەڵگا کاریگەری داناوە. ئەویش لە کۆمەڵگایەکدا کە فەقری ساختاری بەسەر چینی کرێکاردا سەپاوە. لە کۆمەڵگایەکدا کە بورژوازی و چینی دەسەڵاتدارەکەی چەندین دەیەیە بۆ هەرزانکردن و بێدەنگکردنی چینی کرێکار هەوڵ دەدەن. لە کۆمەڵگایەکدا کە کرێکاران بۆ چکۆلەترین ئیعتراز دەبێ بەهایەکی گران بدەن. کۆمەڵگایەک کە هەر چەشنە هەوڵ و تێکۆشان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری بەرەوڕووی سەرکوتی بێسنوور دەبێتەوە. هەموو جۆرە نارەزایەتی و

مانگرتنێک لەگەڵ دەستبەسەرکردنی چالاکان و ڕێبەرانی ئەو نارەزایەتییانە بەرەوڕوو دەبێتەوە. سەرەڕای توندبوونەوەی فەزای سەرکوت لەم دەورەیەدا خانەنشینان بە بەڕێوەبردنی یەکشەممە، دووشەممە و سێشەممەکانی نارەزایەتی ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەرەو شکست بردنی ئامانجەکانی ڕژیمی ئیسلامی بەمەبەستی چاوترسێن کردنی کۆمەڵگا بینیوە. وە هەڵبەت خانەنشینان بەتەنها نەبوون. هەر ئەوەندە بەسە چاوێک لە نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری لە سەرەتای مانگی ڕەزبەرەوە بەرەو ئەملا بکەین تا بەرینایی نارەزایەتییە کرێکارییەکانمان بۆ دەرکەوێ. ئەویش لە قۆناغێکدا کە بێدادگای ڕژیم لە ئەهواز، حەفدە کرێکاری مافخوازی گرووپی میللی فوولادی ئەهوازی بە "تاوانی" نارەزایەتی بەدژی گەندەڵی بەڕێوەبەران و ئاستی کەمبوونی حەقدەست بە حوکمی زندان و شەللاق مەحکووم کردووە. ئەم حەرەکەتە بێشەرمانەیە لەلایەن کرێکارانی نەوت بەنیشانەی ڕاگەیاندنی هاوپشتی لەگەڵ هاوچینەکانیان دەستبەجێ وڵامی پێدرایەوە. شۆرای ڕێکخستنی نارەزایەتی کرێکارانی پەیمانی نەوت و شۆرای ڕێکخستنی نارەزایەتی کرێکارانی غەیری ڕەسمی نەوت (ئەرکانی سالس) لە بەیاننامەکەی خۆیاندا لەژێرناوی "مەحکوومکردنی کرێکارانی نارازی لە گرووپی میللی، کردەوەیەکی وەحشیانە بەدژی هەموو کرێکارانە". ڕایانگەیاند کە: „ئێمە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە دەنگی نارەزایەتیمان دژبە وەها ئەحکام و سزایەکی کۆنەپەرستانە هەڵبڕین. سزای شەللاق دەبێ بەیەکجاری قەدەغە بکرێت. کۆبوونەوە، نارەزایەتی و ڕێکخراو مافی ڕەوای هەموو کرێکاران و خەڵکە. نابێ ڕێگە بدەین کەرامەت و مافی ئێمە کرێکاران بەمجۆرە کایەی پێبکرێت. باش دەزانین کە حکوومەت بە نارەزایەتی ئێمە کرێکاران و خەڵک گەمارۆ دراوە و بەخاتری ئەوەیکە لە پەرەسەندنی نارەزاتی سەرانسەریمان نیگەرانە، دەست بۆ ئەم کردەوە دژەکرێکارییانە دەبات. بەڵام نابێ ئیجازە بدەین و ئیجازەش نادەین. لە هەموو شوێنێک لە ئاستی سەراسەریدا ئیعتڕازی خۆمان بەرامبەر بەم حوکمە وەحشیانەیە دەربڕین و لە کرێکاران چالاکانە دیفاع بکەین". بڵاوکرانەوەی ئەم بەیاننامەیە لە هەمان حاڵدا دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە نارەزایەتی کرێکارانی سەنعەتی نەوتە.

شەپۆلی تازەی نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری نیشانەی ئەو واقعیەتەیە کە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژیناش هەروەک ئاخێزەکانی مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و وەک بزووتنەوەیەکی بەهێزی سیاسی بەشێوەی بابەتی هاوسەنگی هێزی بەقازانجی بزووتنەوەی نارەزایەتی دژبە ڕژیم گۆڕیوە و بەستێنێکی گونجاوتری بۆ گەشەی خەباتی ئابووری و سیاسی فەراهەم کردووە. ئاخێزی سەرانسەری ژیناش بەستێنی گەشەی خەباتی ئابووری و سیاسی کرێکاران و ئاخێزە نارەزایەتییەکانی دووبارە ئامادە و بەهێز کردووە. ئەم ئاخێزە نیشانی دا کە شەپۆلی خرۆشاوی خەباتی سیاسی، چلۆن دەبێتە بزوێنەری بەهێز بۆ خەباتی ئابووری و سیاسی و چۆن ئاراستەی دەروونی کرێکاران بۆ خەبات، پتەوتر دەکات.

❋❋❋

## بەیاننامەی ناوەندی نووسەرانی ئێران
## بیست و پێنج ساڵ دادخوازی

بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٧، مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعات "محەممەد مۆختاری"، شاعیر، لێکۆڵەر و ئەندامی ناوەندی نووسەرانی ئێرانیان لەسەر شەقام ڕفاند و کوشتیان. چەند ڕۆژ دواتر دروست چەند سەعات بەر لەوەیکە جەستەی بێ گیانی "مۆختاری" لە پزیشکی قانوونی شناسایی بکرێت، پیلانی "ڕفاندن" و کوشتنی "محەممەد جەعفەرپوویەندە"، نووسەر، وەرگێڕ و ئەندامێکی تری ناوەندی نووسەرانیان بەڕێوەبرد. پێش ئەوان، تەرمی چەقۆلێدراوی "داریوش فرووهەر" و "پەروانە ئیسکەندەری"، لە چالاکانی سیاسی ڕەخنەگەری حکوومەت، لە ماڵی خۆیاندا دۆزرابووەوە.



ئەم قەتڵانە گەلێک جار لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ئەنجام درابوون. قەتڵی "غەفار حسێنی" و "ئەحمەد میرعەلایی" دوو نموونەی دیکە بوون. بەڵام چوار قەتڵ لە نیوەی یەکەمی مانگی سەرماوەز و شێوازی دڕندانەی کوشتیان لە بارودۆخی سیاسی ئەو قۆناغەدا، بزووتنەوەی دادخوازیی بەرەو تەحەروک و حزوورێکی تازە برد. ئەم بزووتنەوەیە کە پێشینەیەکی لەمێژینەی هەبوو و لە سەرەتای دەسەڵاتی ئیسلامییەوە بەردەوام برینتر ببووەوە، زیاتر گەشەی کرد. تا ئەو جێگایە پێشڕەوەیی کرد کە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ناچاربەوە کرد کە دان بە قەتڵەکانیان دابنێن.

ئەمەش بۆ بزووتنەوەی دادخوازی سەرکەوتنێکی جددی بوو. دوای ساڵەها تەحەمولی سەرکوت و بێدەنگی، ئەم بزووتنەوەیە توانیبووی ناوەندی بەڕێوەبەری قەتڵە زنجیرەییەکان ناچار بە ئیعتڕاف بکات و مۆری باتڵ لە سێناریۆ و ڕەوایەتی درۆینەی میدیاکانی سەر بەوان بدات. لەدرێژەدا بەڵام هیوای خانەوادەی کوژراوەکانی ئەم ساڵانە و خەڵکی دادخواز نەهاتە دی. دەسەڵات هەوڵی دا دەستکەوتەکان زەوت بکات و کۆنترۆڵ بگرێتەوە دەست. دامودەزگای دادوەری، تەنها چوار قەتڵی بە مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە گرێدا. ئەوەش لە حاڵێکدا بوو کە قەتڵە سیاسییەکان تەنها ئەم چوار نموونەیە نەبوون. لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات شاعیران، نووسەران، ڕۆژنامەوانان، چالاکانی سیاسی و خەڵکی ئازادیخوازیان لەپێناو ئامانجی نگریسی سیاسییاندا دەکوشت و دەکوژن.

لە نمایشێکی ئاشکرادا دادگایەک ڕێکخرا کە دانیشتنەکانی خۆی لە پشت دەرگای داخراو و بە نهێنی ئەنجامدا. پێشتر یەکێک لە مۆرە سەرەکیەکانی ئەم جەنایاتە – سەعید ئیمامی – بەشێوەیەکی گوماناوی لە گرتووخانەدا گیانی لەدەستدا. پەروەندەکانیان دەستکاری کرد و پارێزەرانی بنەماڵەکانیان خستە ژێر گوشارەوە و تەنانەت پارێزەرێک بەناوی "ناسر زەرئەفشان"یان بە "تاوان"ی ئاشکراکردنی پەروەندە خستە زیندانەوە. بۆ جارێکی تر دەرکەوت کە دادخوازی لە وەها دەسەڵاتێکدا مومکین نییە. بەڵام بەوحاڵەیشەوە، خانەوادەکان و باقی دادخوازان دەستیان لە هەوڵ و تێکۆشان هەڵنەگرتووە. پارێزەرانی داکۆکیکار و خانەوادەکان لە وەها دادگایەکدا بەشدارییان نەکرد و بەم کارەیان ڕایانگەیاند کە دادگا و شێوازی بەڕێوەبردنیان قەبووڵ نییە. نەیانهەوست لە کایە و شانۆی "عەداڵەت"، لە دزێوکردنی دادخوازیدا بەشداربن. دادگای نمایشی، چند مەئمووری بەڕێوەبەری "موحاکمە" و چەند حوکمی "قەساس" و زیندانی دەرکرد. لە هەمان حاڵدا لەوەش دڵنیا بوو کە بنەماڵەی کوژراوەکان، ئازادیخوازانی موخالفی ئێعدامن و "قەساس" تەئید ناکەن. هەڵبەت ئەم حوکمانە بەڕێوە نەچوون. بڕیاردەران، نەتەنها موحاکمە نەکران بەڵکوو نەناساندران و بەمجۆرە دەسەڵات پەروەندەکەی بەست. بەڵام ئەم پەروەندەیە لەلای خەڵک و لەلای بزووتنەوەی دادخوازی هەروا کراوەیە و هەتا گەیشتن بە عەداڵەت و "داد" بەردەوام کراوە دەمێنێتەوە.

لە هەموو ئەو بیست و پێنج ساڵەی کە بەسەر کوشتنی محەممەد موختاری و محەممەد جەعفەر پویەندە تێپەڕیوە، بنەماڵەکانیان، ناوەندی نووسەرانی ئێران و چالاکانی دیکەی بواری دادخوازی، لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران، لە هەوڵ و تێکۆشانیاندا بەردەوام بوون.

لە وتن و نووسین دەربارەی "قەتڵە زنجیرەییەکان"، لە

وەبیرهێنانەوەی کوژراوەکانی ڕێگای ئازادی ڕادەربڕین و حزووری هەموو ساڵێ لەسەر گڵکۆیان، لە دەرکردنی بەیاننامە و مەراسمی ڕێزگرتن و ئەنجامدانی حەرەکەتی نارەزایەتی و لە هەر کردەوەیەک کە ئەوان و بێدادگەری لەئاست ئەوان لە زهن و بیری کۆمەڵگادا زیندوو ڕادەگرێ، دەستیان نەکێشاوەتەوە. منداڵانی هێندێک لە کوژراوەکانی قەتڵە زنجیرەییەکان چەند ساڵێکە بوونەتە لاوانی بوێر و ئازای بزووتنەوەی دادخوازی. برایانی کاروان و منداڵانی حەمید حاجی زادە ئێستا لە ڕیزی دادخوازەکاندان. هەوڵی دەسەڵات بۆ لەبیربردنەوە و بێدەنگ کردن بێهوودەیە. سانسۆڕ، ڕێگری لە ڕێوڕەسمی یادکردنەوە و دەستبەسەرکردنی خۆشەویستان و ئەندامانی ناوەندی نووسەرانی ئێران لەکاتی حزوور لەسەر گڵکۆی پوویەندە و مۆختاری بێهوودەیە. بڵاوکردنەوەی ڕەوایەتی ساختە و سێناریۆی درۆیین لە کوشتارەکان، بۆ فریودانی بیروڕای گشتی بێهوودەیە. چونکە بەردەوام بە کۆمەڵێ بەرینی دادخوازان زیاد دەبێت. لە دەیەی٦٠ەوە هەتا بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" ڕێزی بێ ئەژماری دادخوازان شکڵی گرتووە و لە سەرانسەری ئەم وڵاتەدا چاوەڕوانی بەڕێوەبردنی عەدالەتن.

ناوەندی نووسەرانی ئێران کە لە جەرەیانی قەتڵە سیاسییە زنجیرەییەکاندا چوار کەس لە ئەندامانی خۆی لەدەستدا بەشێک لە بزووتنەوەی دادخوازییە و بەر لەوەیکە بیهەوێ لە دادگایەکی نمایشیدا حەقێک وەرگرێ، لە بەردەم خەڵک و مێژوودا داوای دادخوازی دەکات تا ئەم بێدادە تۆمار بکات و خەڵکی هوشیار بکاتە شاهید. بەشێک لە دەستکەوتەکانی ئەم بیست و پێنج ساڵ دادخوازییە لەم دەورانە سەختەدا هوشیاریی گشتییە. هوشیاریی ئەو خەڵکەی کە لە حزووریان لەسەر گڵکۆی کوژراوەکانی ڕێگای ئازادی، لە وەبیرهێنانەوەی کارەسات، لە هاوڕێیەتی لەگەڵ بنەماڵەی دادخوازان و لە درێژەدانی ڕێگا دەستبەردار نابن. ناوەندی نووسەرانی ئێران لەماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا لەسەر داخوازیی خۆی، ناساندن و موحاکەمەی بڕیاردەران و ئەنجامدەرانی "قەتڵە زنجیرەییەکان" لە دادگایەکی ئاشکرا و دادپەروەردا پێداگریی کردووە. ڕوونبوونەوەی حەقیقەت، کە بەشێکی گرینگ لە ئامانجی دادخوازی و ڕێگری لە دووپاتبوونەوەی تاوانە، هەوڵێکی تری ناوەندی نووسەران بووە لەماوەی هەموو ئەم ساڵانەدا. ناوەندی نووسەرانی ئێران بەردەوام و بە بێ هیچ سنوور و جیاوازییەک یادی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادیی ڕادەبڕینی ڕێزلێناوە. وە هەر بەم ئامانجەش هەموو ساڵێ لەسەر گڵکۆی محەممەد مۆختاری و محەممەد جەعفەر پوویەندە حزووری دەبێت. ئەمساڵیش ئەندامانی ناوەندی نووسەران کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ١٧ی سەرماوەز لە گۆڕستانی ئیمامزادە تاهیری کەرەج گڵکۆی ئەم دوو ئازیزە گوڵباران دەکەن.

ناوەندی نووسەرانی ئێران

١٥ی سەرماوەزی ١٤٠٢ی هەتاوی

***

# مەرگی خامۆشی پێنج کرێکار لە مەخزەنی نەوتدا

بەپێی ڕاپۆرتەکان شەوی ١٨ی سەرماوەزی ١٤٠٢ پێنج کرێکاری شیرکەتی پەیمانکاری ئەرگ سازان نادە لە کاتی خاوێنکردنەوەی مەخزەنێکی ٢٠ ملیۆن لیتری نەوتی خام لە ناوەندی گواستنەوەی نەوتی بەرداسپی کووهدەشت لە ناوچەی لۆرستان بەهۆی هەڵمژینی گازی ژەهراوی گیانیان لەدەستدا. ناسنامەی ئەم کرێکارانە کە جەستەی بێ گیانیان دوای بیست و چوار سەعات لە شوێنی کارەکەیان دۆزرایەوە، "حەسەن لوتفی، عەلی ئەحمەدجوو، ئەمین تالیبان، عەلی ئەکبەر جەباری و محەممەد ئەحمەدجوو، هاووڵاتی دانیشووی ئیسفەهان ڕاگەیەندراوە.

ئەم هەواڵە دڵتەزێنانە، ئەم مەرگە خامۆشانە تەنها گۆشەیەکن لەو کارەساتانەی کە بەهۆی دابین نەکردنی ستاندارده ئیمەنییەکانی شوێنی کار لەلایەن خاوەنکارانی بەشی دەوڵەتی و خسووسی و شیرکەتە پەیمانکارەکان لە گۆشە و کەناری



ئێران دەبیستین. زۆرێک لە هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ڕووداوەکانی شوێنی کار هەرگیز ڕاناگەیەندرێن و ناچنە ناو هەواڵی ڕۆژنامەکانەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەکان لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی توندبوونەوەی چەوساندنەوەی کرێکاران و چوونەسەرەوەی کێشەی بژێوی و نەبوونی کەرەستەی ئیمەنی، ڕووداوەکانی شوێنی کار زیادیان کردووە. بەپێی ڕاپۆرتی جێگری پزیشکی و تاقیگەی ڕێکخراوی پزیشکی قانونی ئێران، ساڵی ڕابردوو بە گشتی ٢٦ هەزار و ٧٤ کرێکاری بریندار بەهۆی ڕووداوەکانی شوێنی کار چوونەتە ناوەندەکانی پزیشکی قانونی و بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، ١٩٠٠ کرێکار لە ساڵی ١٤٠١لە ڕووداوەکانی شوێنی کاردا گیانیان لەدەستداوە. پێویستە بەم ئامارە ژمارەی کۆڵبەران و سوختبەرانێکیش زیاد بکرێ کە لەسەر سنوورەکانی کوردستان و سیستان و بەلوچستان بەهۆی تەقەی بەکرێگیراوانی ڕژیمی ئیسلامی گیانیان لەدەست دەدەن یان بریندار دەبن. لەڕاستیدا کرێکاران لە شوێنی کار بەقەد شەڕێک تەڵەفات دەدەن. پارێزگاکانی تاران، ئیسفەهان و خوراسان زۆرترین ژمارەی مەرگ بەهۆی ڕووداوی شوێنی کاریان لێ تۆمار کراوە. یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی

چوونەسەری ئاماری ڕووداوەکانی شوێنی کار لەماوەی ساڵانی ڕابردوو، ڕەعایەت نەکردنی ئیمەنی لەلایەن خاوەنکارانەوە ڕاگەیەندراوە. کارناسان لەو باوەڕەدان کە ڕووداوەکانی بواری کاری بیناسازی زۆرترین ئاماری تەڵەفاتی هێزی کار بەخۆیان تەرخان دەکەن. بەپێی ئامارەکان زیاتر لە ٥٠ لەسەدی ڕووداوەکانی کار لە کاتی کارکردن لە کارگەکانی بیناسازی ڕوو دەدەن.

ئامارەکانی "سازمانی تەئمینی ئیجتماعی، و ناوەندی ئاماری ئێران" باس لەوە دەکەن کە لە هەر سێ کرێکاری بیناسازی، تەنیا یەک کەسیان دەگەنە تەمەنی خانەنشینی و دوو کەسەکەی تر ئەگەر شانس بێنن و لە مەرگ دەربازیان بێت، کەم ئەندام دەبن و لە کار دەکەون. پێویستە بوترێ کە نارەزایەتی کرێکارانی ئەم ڕشتەیە بۆ وەرگرتنی حەقی بیمە، و یان دابین کردنی کەرەستەی ئیمەنی، بەهۆی

پڕۆوبلاوبوون، ڕێگری لە ڕێکخراوبوونیان لە ڕێکخراوە سەربەخۆ و چینایەتییەکان، و هەروەها بەرنەکەوتنی یاسای کاری دژەکرێکاری ڕژیمی ئیسلامی، هەتا ئێستا دەسکەوتێکی بەرچاوی نەبووە. هۆکەی دیارە، نەتەنیا لە بەشی کاری بیناسازی بەڵکوو لە زۆربەی شوێنەکانی کار و بەرهەمهێنانی ئێران ئاستی ستانداردە ئیمەنییەکان لەخوارەوەن و بەردەوام مەترسی مەرگ، بریندار و کەمئەندام بوون و یان تووش بوون بە نەخۆشی مەترسیدار و کوشندە هەڕەشە لە گیانی کرێکاران دەکات. بەڵام بەڕێوەبەران و بەرپرسانی پێوەندیدار هەموو ڕووداوەکانی ناو کارگە و کارخانە و شوێنەکانی تر بۆ کەمتەرخەمی کرێکاران دەگەڕێننەوە، نەک بۆ نەبوونی کەرەستەی ئیمەنی و ناستانداربوونی شوێنی کار و گوشاری چەند بەرابەری کار کە دەبێتە هۆی ماندوویەتی و تێکچوونی تەعادولی فیکری کرێکاران.

بەڵام هەڵسەنگاندنێکی کارناسانە لەم ڕووداوانە، ئەم حەقیقەتە دەسەلمێنێت کە هەموو ئەم قوربانییانە هۆکارەکەیان قازانجپەرستی و تەماعی خاوەنکاران و دەوڵەتی پشتیوانیانە.

سەرمایەداران و خاوەنکاران حازر نین بەشێک لەو قازانجەی کە لەڕێگەی چەوساندنەوەی کرێکارانەوە بەدەستیان هێناوە بکەنە هەزینەی دابینکردنی ئیمەنی شوێنی کار و ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش درێژەی چەوساندنەوەی کرێکارانی لەم باروودۆخە کۆیلەئاسایەدا بۆ ئەوان زەمانەت کردووە. کەوابوو کرێکاران پێویستە خاوەنکار و دەوڵەت بەهۆکاری سەرەکی ڕووداوەکانی شوێنی کار بزانن. هەر ڕووداوێک بەهۆی نائەمنیی شوێنی کار، پێویستە وەک تاوانێکی گەورە لەقەڵەم بدرێت و خاوەنکاران و ئۆرگانە دەوڵەتییە پێوەندیدارەکان لێپرسینەوەیان لێ بکرێت.

لە ڕاستیدا خاوەنکاران لەبەر قازانج پەرەستی و تەماعی خۆیان، نە دەیانهەوێ ئیمەنی شوێنی کار باشتر بکەن و نە نیگەرانی لەدەستدان و قوربانی بوونی کرێکارانن. ئەوان تەنانەت نیگەرانی ئەوە نین کە کرێکار لە ترسی گیانی خۆی واز لە کار بێنێت. لەبەر ئەوەیکە دەزانن لەشکری بێکاران، لە مەیدانەکانی کار و لەبەر دەرگای کارخانە و کارگاکانیان بەڕیز بوون و هەرکات مەیلیان بێت، دەتوانن کرێکارانی دیکە بەدیل بگرن و لە هەمان شوێنی ناستاندارد و نائەمنی کار، هەموو جۆرە کارێکی سەخت و زیانباریان پێ بکەن. کەوابوو تا کاتێک کە خرۆشی شۆڕشی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بارگەوبنەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و نیزامی سەرمایەداری تێکەونەپێچێت ئەوە خودی کرێکارانن کە دەبێ بیر لەخۆیان بکەنەوە و بە پشت بەستن بە خەباتی ڕێکخراو و وشیارانەی خۆیان، خاوەنکار و دەوڵەت ناچار بە دابین کردنی ئیمەنی شوێنی کار بکەن. بێگومان، دابین کردنی ئیمەنی شوێنی کاریش وەك هەموو خواستەکانی دیکە، تەنیا بە زەبری خەبات و هاوپشتی چینایەتیی کرێکاران، بەسەر سەرمایەداران و دەوڵەتی پشتیوانیاندا دەسەپێت.

## "چایی گەیت"ی ڕژیمی ئیسلامیی سەرمایەداران

چەند مانگ دوای ئاشکرابوونی گەندەڵی و دزی لەناو حکوومەتی ئیسلامی لە بواری سەنعەتی چایی، ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی سەرماوەز، موحسێنی ئێژەیی جەلادی دەزگای قەزایی ڕژیم ناچار بوو دان بە گەندەڵی و دزی سێ ملیارد و ٣٧٠ ملیۆن دۆلارییەکی دیکە دابنێت کە لە ناوەندەکانی سەربە حکوومەتدا ئەنجام دراوە. ئەو وتی: "سەرجەم ئەو کەسانەی لە گەندەڵی دارایی ناوەندەکانی ئاژەڵداری و چاییدا دەستیان بووە، لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و دەستلەکارکێشانەوەی وەزیری جەهادی کەشاوەرزی و دوورخستنەوەی جێگرەکەی بەم هۆکارە بووە". گەندەڵی و دزی گەورەی ئەم جارە لەژێرناوی "هاوردەکردنی چا" لەلایەن بەرپرسانی پلە بەرزی ناوەندەکانی حکوومەت و دەست و پێوەندەکانیانەوە ئەنجام دراوە.

ڕۆژنامەی ئێعتماد ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی سەرماوەز نووسی:

"دابینکردنی بڕی سێ ملیارد و ٣٧٠ ملیۆن دۆلار لەلایەن بانکی مەرکەزییەوە بۆ هاوردەکردنی چا و پێداویستییەکانی ئەم شیرکەتە خسووسییە، گەندەڵی و دزییەکی بەرینە کە بێگومان بە ئاگاداریی بەرپرسانی باڵای حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئەنجام دراوە". تەرخانکردنی ئەم بڕە زۆرە لە پارە لەژێرناوی هاوردەکردنی چایی لە حاڵێکدایە کە خەڵکی ئێران موحتاجی کەمترین دراون بۆ هاوردەکردنی دەرمان و خۆراکە ئەساسییەکان. ئەم دزی و گەندەڵییە و هاودەستی بەرپرسانی پلەبەرزی دەسەڵاتی ئیسلامی لەگەڵیان لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٨ەوە دەستیپێکرد و هەتا ساڵی ڕابردوو درێژەی بووە. ماجەراکە بەمجۆرە بووە کە ٨٠ لەسەدی گشت دراوی "نیمایی" بۆ هاوردەکردنی چایی بە بەرپرسانی شیرکەتێکی خسووسی بەناوی "کێشت و سەنعەتی دێبش" دراوە. بەرپرسانی ئەم شیرکەتە لە نزیکانی کاربەدەستانی ڕژیمن. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە بەپێی ڕاپۆرتی سایتی "ئێقتساد



نیوز" زیاتر لە ١٠٠ شیرکەتی بەرهەمهێنان و بازرگانی دیکە لە بواری هاوردەکردنی چایی لە ئێراندا هەن. لە ساڵی ١٤٠١دا سەد لە سەدی دراوی هاوردەکردنی چا بەم شیرکەتە دراوە". تەرخانکردنی ئەم بڕە پارە زۆرە بۆ بواری هاوردەکردنی چایی کە بەرابەرە لەگەڵ سەرجەم دراوی پێویست بۆ هاوردەکردنی دەرمان و شیری وشک بۆ یەک ساڵی ئێران، بێوێنەیە و یەکجار لە ئاستی پێویست زیاتر بووە.

بێجگە لەمە بە ئیعترافی مەقاماتی قەزایی، بەرپرسانی گرووپی "کێشت و سەنعەتی دێبش" قەرار بووە چای دەرەجە یەکی هێندی بە نرخی هەر کیلۆ ١٤ دۆلار هاوردە بکەن، بەڵام لەجیاتی، چای هەناردەی دەرەجە دووی ئێران بە نرخی دوو دۆلار کە گۆیا "هەناردەیان کردبوو" دووبارە ڕەوانەی ئێرانیان کردووتەوە. هەروەها لەحاڵێکدا کە قەرار بووە ئاستی هاوردەکردنی چایی بۆ ٢٥ هەزار تۆن لە ساڵدا بێتە خوارێ، بەڕێوەبەری دزی شیرکەت لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێری تەسنیمی سەربە سپای پاسداران ئاستی هاوردەکردنی چایی ٣٠٠ هەزار تۆنی ڕاگەیاند و لە تەبانی لەگەڵ ناوەندە حکوومەتییەکان بەم میزانە دراوی وەرگرتووە. بە بەراوردی مودیرانی کارخانەکانی چایی، ڕێژەی چایی پێویست بۆ وڵاتی ئێران لە ساڵی ٩٠دا هەزار تۆن بووە کە بەشێکی زۆری لە ناوەوە بەرهەم دێت. ڕۆژی شەممە١١ی سەرماوەز سەرۆکی بەناو "سازمانی بازڕەسی کولی کشوەر" دانی بەوە دانا کە ئەو شیرکەتەی هاوردەکاری سەرەکی چای ئێران بووە و زیاتر لە ٣ ملیارد دۆلاری دراوی تەرجیحی وەرگرتووە، یەک ملیارد و ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری بە نەقدی لە بازاڕی ئازاددا فرۆشتووە.

لە دۆسیەی ئەم گەندەڵی و دزییە گەورەیەدا، تێوەگلانی بەرپرسانی سپای پاسداران، یان (برادەرانی قاچاخچی)ش ئاشکرا بووە. بەڕێوەبەری شیرکەتی "دێبش" ئاشکرای کرد کە هەنارده و هاوردەکردنی چای شیرکەتەکەیان لە ڕێگەی فرۆکەخانەی "پەیام"ەوە بووە، کە سەر بە سپای پاسدارانە. بەڵام دەرکەوتووە کە ئەوەی لەم فرۆکەخانەیەدا ئەنجام دراوە، هاوردە و هەناردەکردنی چای کوالێتی بەرز نەبووە. بەڵکوو لەوێ چای کۆن و ماوە بەسەرچوو کۆکراوەتەوە کە قەرار بووە بۆ خۆراکی ئاژەڵان بکرتێە کۆمپۆست. بەڵام لەجیاتی ئەم کارە لەگەڵ کەمێک چای وارداتی تێکەڵ کراوە و دەرخواردی خەڵکی ئێران دراوە کە سڵامەتی خەڵکی فەقیر و هەژاری خستووەتە مەترسییەوە.

لەوەتەی ڕۆڵ و بەشداری بەرپرسانی باڵای حکوومەت و سپای پاسداران لەم دزی و گەندەڵییەدا ئاشکرا بووە، دەزگای قەزایی و دامودەزگاکانی دیکەی حکوومەتی ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدان بە تۆمەتبار کردنی کەسانێک لە ئاستی خوارەوە، دزی و گەندەڵی و کردەوەی دژەئینسانی خۆیان ئینکار بکەن. مێهدی نەسیری مودیری مەسئوولی پێشووی ڕۆژنامەی کەیهان و یاری پێشینی خامنەیی، ئەم دزی و گەندەڵییە گەورەیەی "چایی گەیت" ناو لێناو و وتی کە ئەم گەندەڵییە بەرینە بەبێ دەخاڵەت و هاودەستی دەزگای ئیجرایی و ئیتلاعاتی و قەزایی سەربە ناوەندی ڕەهبەری و شەخسی خامنەیی ئیمکانی نییە و ناکرێت.

هەڵبەت دزی و ئیختلاسی بەرینی کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی بابەتێکی تازە نییە. بەڵام ئەم نموونەیە کە بەهۆی ناکۆکی باڵەکانی حکوومەتی ئیسلامییەوە ئاشکرا بووە، هێندە بەرینە کە بەوتەی مودیری ئیجرایی سەندیکای کارخانەکانی چای شوماڵ، تەعادولی بازاڕی تێکداوە و ئەم سەنعەتەی بەرەوڕووی قەیران کردووە. ئەم گەندەڵی و دزییە ماهیرانەیە کە بە ڕواڵەت لەلایەن شیرکەتێکی خسووسی غەیری دەوڵەتییەوە ئەنجام دراوە، بێگومان پێویستی بە هاودەستی زۆرێک لە ناوەندە ئیداری و حکوومەتییەکان لەئاستێکی باڵادایە. ئێژەیی دانی بەوە دانا کە ٦٠ کەس لە مودیرانی باڵای دەوڵەت لەم گەندەڵییەدا دەستیان بووە. بە ئیعترافی سازمانی بازرەسی، ئەم شیرکەتە بۆ ئەنجامدانی ئەم دزی و گەندەڵییە لەگەڵ هەموو دەزگا ئیجراییەکان لەوانە لەگەڵ گومرک بۆ تەرخیسی خێرا و بەدەر لە نۆرەی کاڵای تەقەلوبی، لەگەڵ وەزارەتی سەنعەت و مەعدەن و تەجارەت، وەزارەتی جەهادی کەشاوەرزی بۆ تەئید و تۆمارکردنی خێرا، لەگەڵ بانکی مەرکەزی بۆ دانی ئەم بڕە پارەیە بە بێ تێپەڕاندنی

قۆناغە ئاساییەکان، پەیوەندیی بووە. هەڵبەت وەها دزییەکی گەورە بەبێ بەشداریی ناوەندەکانی ڕووحانیەت و مافیای سپای پاسداران کە زیاتر لە٨٠ لەسەدی ئابووری ئێرانیان لە کۆنترۆڵدایە، مومکین نییە.

هەموو ئەم ئیختلاس و گەندەڵی و دزییە گەورانەی کاربەدەستان و دەست و پێوەندەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە بەرهەمی ڕەنج و کاری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە لە بارودۆخێکدا ئەنجام دەدرێت کە حکوومەتی گەندەڵ و وەرشکستە ئیسلامی سەرمایەداران لە قەیرانێکی قووڵی ئابووریدا دەست و پێ لێدەدات و بە زەبری سەرکوت و کوشتار بارودۆخێکی کارەساتباری بەسەر ژیان و گوزەرانیاندا سەپاندووە.



حەسەن ڕووحانی سەرەدەمانێک لە یەکێک لە وتەکانیدا سەبارەت بە ڕیشەکانی گەندەڵی ناو ڕژیمی ئیسلامی وتی: " ئەگەر چەك، پارە، ڕۆژنامە، سایت، هەواڵنێری، هەموو ئەوانە یەك جێگا کۆبکەینەوە، حەتمەن گەندەڵی درووست دەبێت. ئەبووزەر و سەلمانیش بن، گەندەڵ دەبن. کەوابوو دونیا عەقڵی بەوە شکاوە کە ئەم دەسەڵاتانەی لەیەکتر جیا کردووتەوە". هەڵبەت ڕووحانی لە جەرگەی شەڕی دەسەڵاتدا و بەخاتری بەشخوازیی خۆی لە چەك و پارە و ڕۆژنامە و هەواڵنێری کە زۆربەیان لەژێر ناوی خسووسی سازیدا لەدەست سپای پاسداران و ناوەندەکانی سەربە وەلایەتی فەقیە دان، گۆشەیەک لە حەقیقەتی بەیان کرد. بەڵام لە ڕاستیدا، لە پێکهاتەی چینایەتی و سیاسی کۆماری ئیسلامیدا، ئەگەر سەرچاوەکانی دەسەڵات لەوانە پارە و چەك و میدیا لە نێوان سێ دەزگای قەزایی و موقەننەنە و مۆجریەدا، بە شێوەی یەکسان دابەش بکرێن، یان وەك دێمۆکراسی بۆرژوازی هەر کام لەم دەزگایانە جێگە و پێگەی خۆیان لە دەسەڵاتدا ببیننەوە، دیسانیش ناکرێ گەندەڵی لەناو کۆماری ئیسلامیدا ڕیشە کێش بکرێ. بە ئیعترافی ئەحمەد تەوەکولی، ئەندامی مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام، "حکوومەتی کۆماری ئیسلامی گەیشتووەتە قۆناغی گەندەڵی سیستماتیک". بێگومان تەمەنی ئەم ڕژیمە گەندەڵە بەسەرچووە. کرێکاران و بەرەی مەزنی کار و زەحمەت بە مانگرتن و نارەزایەتی یەکگرتووانە و سەرانسەری و بە سازماندانی خۆیان لەسەر بەستێنی ئەم بزووتنەوە نارەزایەتییە و لەڕێگەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییەوە ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و جەنایەتکارە ئیسلامییەی سەرمایەداران دەڕووخێنن.

***

## درێژەی کۆمەڵکوژی لە غەززە نەتانیاهۆ دەرباز ناکات

جینۆسایدی دەوڵەتی نەتانیاهۆ بەدژی خەڵکی فەلەستین دوای ٧٣ ڕۆژ هەروا درێژەی هەیە. دەسەڵاتی ئیسرائیل لەماوەی ئەم شەڕە دژە ئینسانییەدا هەتا ئێستا زیاتر لە ٥٠ هەزار تۆن بۆمبی بەسەر خەڵکی بێتاوانی فەلەستین لە غەززەدا باراندووە. ٢٠ هەزار کەس لە منداڵ و پیر و لاوی تەنانەت لە ناو نەخۆشخانەکاندا کوشتووە کە زیاتر لە هەشت هەزار کەسیان منداڵانی کەم تەمەن و تەنانەت شیرخۆر بوون. زیاتر لە ٥١ هەزار کەس بریندار بوون. پتر لە نیوەی ماڵەکانی خەڵک بە تەواوی وێران بوون. زیاتر لە ٨٥لەسەدی خەڵکی دوو و نیو ملیۆن کەسی غەززە ئاوارە بوون و ژێرخانە سەنعەتی و ئابوورییەکانی ئەو کۆمەڵگایە بەیەکجاری لەناوچوون. بێجگەلە ئەمانە ڕۆژی سێشەممە ٢١ی مانگی سەرماوەز ڕۆژنامەی "والستریت ژۆرناڵ" ئاشکرای کرد کە ئەرتەشی ئیسرائیل دەستی کردووە بە پۆمپاژی ئاوی سوێری دەریای مەدیتەرانە بۆ ناو ئەو تونێلانەی کە حەماس لە ژێر شار و گوندەکانی کەرتی غەززەدا کاناڵ کەشی کردووە و ئەم کارەش لەوانەیە هەفتەها درێژەی بێت. ئەم کردەوە دژەئینسانییەی ئیسرائیل تەنها بەدژی گرووپی کۆنەپەرست و تیرۆریستی ئیسلامی حەماس نییە، بەڵکوو ئاکامەکەی گشت ناوچەکە بەرەوڕووی مەترسی قەیرانێکی ژینگەیی دەکاتەوە.

هەروەها دەوڵەتی ئیسرائیل بێشەرمانە هەموو ڕێگاکانی گەیشتنی ئاو و خۆراک و دەرمان و سووتەمەنی بەرەوڕووی خەڵکی ستەمدیدەی کەرتی غەززە داخستووە و خەڵکی بەرەوڕووی قاتی و برسیەتی کردووەتەوە. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پشت ڕاستی کردەوە کە نەخۆشیەکانی هەناسەدان، سکچوون و گاڵ لەناو ئاوارەکانی غەززە بەهۆی ژیان لەناو پەناگای پڕ جەمعیەت و ناساڵم یەکجار چووەتە سەرێ. ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی مانگی سەرماوەز سەرۆکی ئاژانسی فریاگوزاری و کاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئاوارەکان "ئانروا" ڕایگەیاند: "بەهۆی کەمبوونی لەرادەبەدەری خۆراک خەڵکی غەززە بەرەوڕووی تاریکترین قۆناغی مێژوویی لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوون. بە چاوی خۆم بینومە کە خەڵکی برسی بەپەلە کیسەکانی خۆراکیان لە سەر خەیابان دەدڕاند تا بڕێک خۆیان تێر کەن. کاتێک باوکێک لێی پرسیم چۆن پێنج منداڵەکەم پێنج ڕۆژ بە قتوویەک پاقلە تێر بکەم نەمزانی چی جواب بدەمەوە. تەنانەت لە ناوەندی "ئانروا" کە یەک ملیۆن کەس لە خەڵک تێیدا کۆبوونەتەوە، خەڵک تەنها بوتڵێکی چکۆلە ئاو و قتوویەکی تۆنی ماسی لە ڕۆژدا وەردەگرن".

حکومەتی فاشیستی نەتانیاهۆ ئیدیعای ئەوە دەکات کە لە کاردانەوە بە هێرشی خوێناوی یەک ڕۆژەی تاقمی تیرۆریستی حەماس بۆ سەر دانیشتوانی ئیسرائیل لە ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین لە ٧ی ئۆکتۆبر درێژە بەو شەڕە وێرانکەرە دەدات. بەڵام لە ڕاستیدا نەتانیاهۆ کە تاوانبارە بە چەندین دۆسیەی گەندەڵی ، دەزانێت دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، جگە لەو دۆسیانە، بەرەوڕووی دۆسیەی تازە لەپێوەند بەم شەڕە دەبێتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی پێداگری لەسەر بەردەوامی شەڕ و ڕەتکردنەوەی هەر داواکارییەک بۆ ڕاگرتنی، هیوای سەرکەوتنی ئەو شەڕە و هەوڵدان بۆ مانەوە لە دەسەڵاتی سیاسیدایە. بەڵام بەردەوامبوونی ئەم شەڕە بەتایبەت لە شارەکاندا، هەم لە ڕووی گیانییەوە و هەم لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، بۆ خودی نەتانیاهۆ و بۆ خەڵکی ئیسرائیل ئاسان تەواو نابێت. ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی مانگی سەرماوەز ئەرتەشی ئیسرائیل ئاشکرای کرد کە تەنها لە بۆسەیەکی



هێزە میلیشیاکاندا، دە کەسیان لەوانە فەرماندەی گوردان و سەرهەنگێک کوژراون.

بەڵام درێژبوونەوەی ئەم شەڕە تاوانکارانەیە نەتەنها ڕای گشتی جیهانی لە دژی حکوومەتی ئیسرائیل و شەخسی نەتانیاهۆ هانداوە، بەڵکوو فشاری خستۆتە سەر ئەمریکا و حکوومەتەکانی دیکە کە پشتیوانی ئیسرائیل دەکەن. ئەم حکوومەتانە تا ئێستا لە ژێر ناوی "بەرگری لە خۆ" تاوانەکانی حکوومەتی ئیسرائیلیان لە دژی خەڵکی فەلەستین پاساو کردووە. دەوڵەتی بایدێن لە لایەکەوە یارمەتی بێدەریغی ماڵی و تەسلیحاتی بۆ ئیسرائیل دەنێرێ. بریارنامەکانی شۆرای ئەمنیەت بۆ ئاگربەستی تەنانەت کاتی بۆ دیفاع لە ئیسرائیل ڤیتۆ دەکات. لە لایەکی دیکەوە بایدێن بە ئامانجی کەڵک وەرگرتن لەم شەڕە لە ڕەقابەتەکانی هەڵبژاردنی داهاتوو بۆ خەڵکی غەززە فرمێسکی درۆیین دەڕێژێ و بە دەوڵەتی ئیسرائیل پێشنیار دەکات کە لە کوشتنی خەڵکی بێدیفاعدا زیادەڕەوەی نەکات. بێگومان ئەم پشتیوانییە لە ئیسرائیل هیچ ئەنجامێکی تری نییە جگە لە هاندانی حکوومەتی فاشیستی نەتانیاهۆ بۆ درێژەدان بە شەڕ و کاولکاری و کوشتن.

بەڵام وێژدانی مرۆڤی هۆشیار لە دنیادا بەرامبەر بەو تاوانانە بێدەنگ نەبوون و نارەزایەتیان دەربڕیوە. بەڕێوەچوونی نارەزایەتی سەدان هەزار کەسی دژی شەڕ و جینۆساید لە زۆرێک لە وڵاتانی ئوروپایی و عەرەبی و تەنانەت لە خودی ئیسرائیل، سەرۆکی ئەو حکوومەتانەی لە پشتیوانیکردن لەم شەڕە پارێزکار کردووە. پەسەندکردنی بریارنامەیەک بۆ پشتیوانی لە ئاگربەستی دەستبەجێ لە کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی سێشەممە ١٢ی دێسامبر

بە زۆرینەی دەنگ کە ئیسرائیل بە نادروست و بە دیاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان ناوی برد، فشار و داواکاری گرووپەکانی مافی مرۆڤ لە حکومەتەکان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ، بۆ نموونە نامەی چاوەدێری مافی مرۆڤ بۆ وەزیری دەرەوەی ئینگلیس بۆ ڕاگرتنی دەستبەجێی ناردنی چەک بۆ ئیسرائیل، خواستی ئەمریکا بۆ کردنەوەی تێپەڕگەی "کەرم ئەبوسالم" بۆ گەیاندنی یارمەتی مرۆیی بۆ خەڵکی غەززە، قسەکانی جۆو بایدێن سەبارەت بەوەیکە نەتانیاهۆ دەبێ لە کابینەی دەوڵەتدا ئاڵوگۆڕ پێکبێنێت و توندڕەوەکانی وەک بن گویر و ئیسمۆتریچ بەرکەنار بکات چونکە وجوودی ئەوان پشتیوانیکردنی لە ئیسرائیل لەئاستی نێونەتەوەییدا دژوار کردووە، هەر هەموویان سەلمێنەری کاریگەرییەکانی ئەم ئیعترازاتە و گوشارەکانی کۆمەڵگەی جیهانی بۆسەر ئەم دەوڵەتانەیە. بەڵام بایدێن وێڕای دان پێدانان بەوەیکە پشتیوانی نێونەتەوەیی لە خۆی و لە ئیسرائیلی لەدەستداوە، بۆ پاراستنی تەوازون لە هەڵوێستدا، بۆ جارێکی تر لەسەر زەرووڕەت و مافی ئیسرائیل بۆ درێژەدان بە شەڕ بەدژی



جەماس لە هەموو بوارێکەوە تەئکیدی کرد.

خەڵکی تێکۆشەری فەلەستین لەماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵ خەبات بۆ وەدیهاتنی مافەکانیان بۆیان دەرکەوتووە کە دەوڵەتی ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی دیکەی سەرمایەداری ڕۆژئاوا پشتیوان و هاوبەشی تاوانەکانی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلن. بۆیان دەرکەوتووە کە حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە تورکیە و کۆماری ئیسلامی کە خۆیان بڕیاردەر و ئەنجامدەری ستەم و جەنایاتی بێ ئەژمار دژبە خەڵکی ئەم وڵاتانە، جێگەی متمانە نین و لە خەباتی خەڵکی فەلەستین لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی کۆنەپەرستانە و ناوچەیی خۆیان کەڵک وەردەگرن. لە وەها هەلومەرجێکدا تەنها ڕێگای ڕزگاریی خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین لە غەززە، لێواری ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردۆن و ناوچە داگیرکراوەکان، خەباتی یەکگرتووانە، پێکهێنانی هاوپشتی لەگەڵ خەڵک و هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە ئیسرائیل بۆ بێدەسەڵات کردنی هێزە ڕاست و ڕەگەزپەرستەکان و ڕاکێشانی پشتیوانی خەڵکی نارازی لەئاستی جیهان لەپێناو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین و ڕزگاری لە ستەم و داگیرکارییە.

***

# کۆمەڵە داکۆکیکاری لێبڕاوی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

ئەزموونی سەرانسەری جیهان بەباشی سەلماندوویەتی کە دیموکراسی پەرلەمانی لە پشت زاهیری فریوکارانەیەوە بەردەوام ئامرازی دوور ڕاگرتنی کرێکاران و جەماوەری خەڵک بووە لە دەخاڵەتگەرییان لە چارەنووسی خۆیاندا. ماهییەتی ڕاستەقینەی پەرلەمانتاریزی بورژوایی نەتەنیا لە ڕژیمەکانی سەڵتەنەتی مەشرووتەی پەرلەمانی، نەتەنیا لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو لە دیموکراتترین کۆمارییەکانیشدا ئەوەیە کە هەر چەند ساڵ یەک جار بڕیار دەدرێ کە کام یەک لە ئەندامانی چینی دەسەڵاتداری ناو پەرلەمان، خەڵک سەرکوت و مافیان پێشێل بکەن. لە بەرامبەر نیزامی پەرلەمانیدا، نیزامی شۆرایی باشترین و کارامەترین ئامرازی دەخاڵەتی گشت چینی کرێکار و جەماوەری خەڵکە هەم وەک داڕێژەری یاسا و هەم وەک بەڕێوەبەری یاسا و ئیدارەی کۆمەڵگە. لە بارودۆخێکدا کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیک و پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە هەموو کاتێک پەیوەندی پەرەپێداوە و ئیمکانی دەستڕاگەیشتنی بە زانیاری لە هەموو بوارەکاندا بۆ هەمووان خوڵقاندووە، نیزامی شۆرایی کاری دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی کرێکاران و جەماوەری خەڵک لە ئیدارەی کاروباری کۆمەڵگە ئاسانتر دەکاتەوە. ئەم نیزامە دەتوانێ لە دامەزرانی دووبارەی سیستەمێکی بوروکراتیک کە دەکەوێتە بان سەری شۆڕش و خەڵکی ڕاپەڕیو و دەیانکاتە تەماشاچی بێتوانای گۆڕەپانی سیاسەت، ڕێگری بکات.

یەکێک لە ئەرک و ئەولەوییەتەکانی کۆمەڵە کە پێویستە تەئکیدی لەسەر بکرێت، هەوڵی ڕێکخراوە لەپێناو ئەوەیکە ئالتێرناتیڤی دەسەڵاتدارێتی شۆرایی لەناو جەماوەری خەڵکی کوردستاندا ببێتە وتارێکی بەهێز. بەسەرەنجدان بەوەیکە کۆمەڵگای ئێران چووەتە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە، واتە قۆناغێک کە دۆسیەی دەسەڵاتی سیاسی بەرەڕووی کۆمەڵگا کردووەتەوە، پرسی پێکهێنانی بەدیلی دەسەڵات لەبواری سیاسییەوە یەکجار گرینگە. لە بەرامبەر نەخشەڕێگای هێز و حیزبە ناسیۆنالیستەکان کە بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و دابەشکردنی لە نێوان خۆیان و لە سەرووی خەڵکەوە و هەروەها بۆ سوپای نیشتمانی و سیستەمی پارلەمانی و فیدرالیزم هەوڵ دەدەن، ئالتێرناتیڤی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان و ئیدارەی شۆرایی کۆمەڵگا کە بەشێک لە ئەزموونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خودی جەماوەری کوردستان بووە، پێویستە بکرێتە وتارێکی بەهێز لە کۆمەڵگای کوردستاندا. پێویستە بیری ڕێکخراو و دەسەڵاتدارییەتی شۆرایی ببردرێتە ناو هەموو بنەماڵە و کۆڕ و کۆمەڵێکەوە. لە بارودۆخێکدا کە کۆمەڵگا کەوتووەتە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە، پێویستە لەپێناو پێکهێنانی شۆراکان، لە هەر کارخانە و ناوەندێکی بەرهەمهێنان، لە هەر گەڕەک و گوندێک، بەستێن سازی بکرێت. بە بێ بوونی بەدیلی شۆرایی بە وتارێکی بەهێز، کە فاکتۆرێکی چارەنووسسازە و یەکێک لە ڕەمزەکانی سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانە، ئەم نیگەرانییە لەئارادایە کە جەماوەری خەڵکی کوردستان لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا بۆ جارێکی دیکە بخرێنە پەراوێزەوە و پاش پتر لە چل ساڵ خەبات ئەو دەرفەتەیان بۆ هەڵنەکەوێ کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا دەورونەخش بنوێنن. ئەزموونی کوردستانی عێراق نموونەیەکی بەرچاوە کە نیشانی دەدات دەسەڵاتی حیزبە ناسیۆنالیستەکان لەڕێگەی پەرلەمان و وەزارەتخانەکانەوە نەتەنیا هیچ ڕێگایەک بۆ دەخاڵەتی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا ناهێڵێتەوە، بەڵکوو پەرلەمان دەبێتە ئامرازێک بۆ دوور هێشتنەوەی خەڵک لە دەستڕاگەیشتنیان بە ئامرازەکانی ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. نابێ ڕێگە بدەین ئەم ئەزموونە لە کوردستانی ئێرانیش دووپات بێتەوە.

ئەگەر کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان نایانهەوێ دوای ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە چارەنووسی




خەڵکی کوردستانی عێراق گرفتار بن، پێویستە هەر لە ئێستاوە بیر لە داڕشتنی بناغەی دەسەڵاتی شۆرایی خۆیان بکەنەوە. کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان پێویستە بیر لە داڕشتنی پایەکانی دەوڵەتێک بکەنەوە کە هەر ژن و پیاوێکی کرێکار، هەر ئینسانێکی زەحمەتکێش بتوانێ بەشێوەی شۆرایی ئامرازەکانی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت و ڕاستەوخۆ لە حەیاتی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگادا دەورونەخشی ڕێبەری بنوێنێت. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتی شۆرایی لە کوردستان و مەنشووری دەسەڵاتی شۆرایی و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان کە لەلایەن شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە، ئیمکانی پایەڕێژی وەها دەسەڵاتێک واتە "دەسەڵاتی شۆرایی" بە خەڵک نیشان دەدەن. کۆمەڵە دەیهەوێ زەرووڕەتی دەسەڵاتی شۆرایی بکاتە مەعریفەی گشتی خەڵکی کوردستان، بەو ئامانجە کە لەوە کەمتر بە سەرکەوتن حیساب نەکەن و لەوە کەمتریان قەبووڵ نەبێت. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتدارییەتی شۆرایی، بابەتی دەسەڵاتدارییەتی لە کوردستانی ئازادکراو بە مافی بێ ئەملا و ئەولای کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان دەزانێت و کۆمەڵە ئامادە نییە لە داهاتوودا لەگەڵ هیچ حیزب و گرووپێک لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات دانوستان و وتووێژ بکات. چونکە دەسەڵات نە بە هی ئەم حیزب و ئەو

ڕێکخراو بەڵکوو دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەپێناو بەرابەری و ڕزگاری، بە هی جەماوەری خەڵکی دەزانێت. بەپێی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتی خەڵک لە کوردستان، دوای تێکەوەپێچانی بارگەوبنەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، کرێکاران و زەحمەتکێشان، ژنانی ستەملێکراو و بێبەشان کە زۆرینەی کۆمەڵگا پێک دێنن، دەتوانن دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. بەگوێرەی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتی شۆرایی لە کوردستان،



ئەوە پێکهاتەیەکی شۆراییە کە ئیمکانی بەشداری و دەخاڵەتی جەماوەر لەبواری دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگا دابین دەکات و لە قازانج و بەرژەوەندیان پشتیوانی دەکات.

ئەوەیکە لە بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتی جەماوەری لە کوردستان تەئکیدی لەسەر دەکرێت، دەسەڵاتی شۆراییە کە لە سەرووەوە کۆنگرەی سەرانسەریی نوێنەرانی شۆراکان و لە خوارترین ئاستیشیدا شۆرای شار و گوندەگان و شوێنی کارن و لەڕێگەی سیستمی شۆراییەوە ڕاستەوخۆ وەک ئەندامێکی دەوڵەت لە بابەتی دەسەڵاتدا دەوری چالاکانە دەبینن و لەڕێگەی نوێنەرانی خۆیانەوە لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی وەک کۆنگرەی ناحیەیی، ئەیالەتی، مەحەلی و سەرتاسەری لە هەموو بوارەکانی چالاکی کۆمەڵایەتیدا بەشداری دەکەن. هێزی چەکداری مەحەلی لەژێر فەرماندەیی کۆنگرەی سەرانسەریی شۆراکان دایە و ئەرکی دیفاع لە دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر هەڕەشە و دەستدرێژی دەوڵەتی ناوەندی و یان هەر هێزێکی تری وەئەستۆ دەبێت.

❋❋❋

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان:

## قۆناغی تازەی کۆمەڵکوژی خەڵکی فەلەستین لەلایەن دەسەڵاتی جەنایەتکاری ئیسرائیل!

دوای وەستانێکی کورتماوە ڕژیمی فاشیستی ئیسرائیل قەتلوعامی خەڵکی بێدیفاعی لە کەرتی غەززە دووبارە دەستپێکردووەتەوە. سەیرکردنی دیمەنە دڵتەزێنەکانی هاوار و گریان و ناڵەی کۆمەڵگەیەکی دوو ملیۆن کەسی کە هیچ تاوانێکیان لەئاست ئەم چارەنووسە ترسناکەدا نییە، بەڕاستی مانای ژیان و مرۆڤایەتی لەم بەربەریەتەی ژێر دەسەڵاتی سەرمایەداری خستۆتە ژێر پرسیارەوە.

بەڵام بەم حاڵەشەوە ئەوەیکە لەم ڕۆژانەدا لە میدیا و تەلەڤیزیۆنەکانی سەربە دەسەڵاتە فریوکارەکانی جیهان دەیبینین، بەرینایی ڕاستەقینەی جەنایەتێک نییە کە خوێنڕێژان لە کەرتی غەززە ئەنجامی دەدەن. میدیا خزمەتکارەکان بە سانسۆرکردن و بە هەڵبژاردنی دیمەنی دڵخواز بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئەربابەکانیان، لەم کۆمەڵکوژییەدا دژبە مرۆڤایەتی شەریک و هاوبەشن.

بەرامبەر بە جینۆسایدی ئاشکرای حکوومەتی ئیسرائیل، ویژدانی بەخەبەر و ئینساندۆست لە زۆر شوێنی جیهان شەقامی شارەکانیان کردووە بە مەیدانی ناڕەزایەتی دژبەم دڕندەیی و وەحشیگەرییە. ئەم ئیعترازاتە کە لەگەڵ درێژەی شەڕ بەردەوام پەرەی سەندووە، سەرەڕای کەڵکی نابەجێ وەرگرتن و هەوڵی ڕەوتی تیرۆریستی حەماس و باقی ڕەوتە تاوانکار و ئیسلامییەکان، هەتا ئێستا لە نیشاندانی ڕوخساری فاشیستی دەوڵەتی ئیسرائیل و دووڕوویی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، کاریگەریی دیاریکراوی بووە.

لەت و پار کردنی دەیان هەزار پیر و لاو و ژن و منداڵ لەم کارەساتەی غەززەدا، بەڕاستی بۆ جارێکی تر پرتووکاوبوونی نیزامی سەرمایەداری و ڕوخساری قیزەونی دیموکراسی و بێ خاسیەت و بێ مایەبوونی ناوەند و دامودەزگاکانی مافی مرۆڤ و ئیدیعای بێناوەڕۆکیانی نیشاندا. دەریخست کە مرۆڤایەتی شیاوی نیزامێکی دیکە و دنیایەکی باشترە. نیشانی دا کە لە نەبوونی بەرەیەکی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەب و سۆسیالیست، چۆن دەسەڵاتە جەهەننەمیەکان بە پشتیوانیکردن لە تاوانکارانی وەک نەتانیاهۆ دەتوانن لە کێبەرکێی دەسەڵات و ڕەقابەتی جەمسەرە جیهانییەکاندا، هەموو ڕۆژێ لە گۆشەیەکی جیهان ژیانی ئینسانەکان لەناوبەرن و کۆمەڵگاکان بۆ دەیان ساڵ وێران بکەن.

بیانووی لەناوبردنی ڕەوتی تیرۆریستی حەماس بۆ کوشتاری غەززە لەلایەن سەرانی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل، هەروەک ئیدیعاکانی هەموو دیکتاتۆرەکان، پووچ و بێ ئەساسە. بەدەر لەوەیکە خودی حەماس ساختەی دەستی ئیسرائیلە، ئەم کۆمەڵکوژییە بارووتی پەرەپێدانی تەفرەقە و نەفرەتی زیاتر لە نێوان خەڵکی ئیسرائیل و فەلەستینە. وە زەمینەکانی سەرهەڵدانی هەمووجۆرە دەستە و تاقمێکی کۆنەپەرستی ئیسلامی و دینی لە دواڕۆژی ئەم شەڕەدا فەراهەم دەکات. سەرەڕای هەڵیت و پڵیتەکانی دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل سەبارەت بە لەناوبردنی حەماس، سەرلێشێواوی و بنبەست و گیرکردنی ئیسرائیل لە شەڕێکی درێژخایەن زیاتر دەبیندرێت. شەڕێک کە کۆمەڵگای ئیسرائیل توانای تەحەمولکردنی لە درێژەماوەدا نییە و دەسەڵاتی فەوقی ڕاستی ئیسرائیل لە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەر لەئاکامی درێژە شەڕ نیگەرانە.

ئاشکرایە کە هەتا کاتێک دەسەڵاتی سەرکوتکەر و تاوانکاری ئێستای ئیسرائیل لەسەر کار بێت و خەڵکی فەلەستین دیلی کۆنەپەرستی ئیسلامی و سیاسی و ڕەوتەکانی وەک حەماس بن، دەستەبەرکردنی ئاشتی و چارەسەرکردنی دادپەروەرانەی پرسی فەلەستین بە ئاسانی نایەتە دی. تەنها بە ڕامالینی ئەم دوو هێزە کۆنەپەرست و تیرۆریستەیە کە دەتوانین هیوادار بین ڕێگاچارەی پێکهێنانی دوو دەوڵەت بۆ جارێکی تر لەلایەن خەڵکی ئازادیخواز لە ئیسرائیل و فەلەستین و بە پشتیوانی خەڵکی ئازادیخوازی جیهان بێتە ئاراوە. ڕێگاچارەیەک کە لەلایەن هەموو هێزە ئازادیخواز و سۆسیالیستەکانەوە چەندین دەیە پێداگریی لەسەر دەکرێت و دەتوانێ کۆتایی بە چەندین دەیە کوشتاری خەڵکی فەلەستین لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕەوتە ئیسلامییەکان بێنێت کە چارەنووسی کۆمەڵگایەکی چەند ملیۆنییان زەوت کردووە.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان هاوڕێ لەگەڵ کرێکارن و خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستان هاودەنگ لەگەڵ هەموو ئازادیخوازانی جیهان، لەگەڵ خەڵکی ڕەنجدیدەی فەلەستین و بەرامبەر بە قەتلوعامی دڕندانەی منداڵان و خەڵکی فەلەستین لەلایەن ڕژیمی فاشیستی ئیسرائیلەوە وەستاوە. شۆرای هاوکاری داوا لە هەموو خەڵکی ئازادیخواز و حیزب و ڕێکخراو و ناوەندە ئازادیخوازەکان دەکات کە بە هەر ئامراز و ئیمکانێک کە لە ئیختیاریان دایە بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ و دژبە جینۆسایدی ڕژیمی خوێنڕێژی ئیسرائیل دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بەرز بکەنەوە.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

١٥ی سەرماوەزی ١٤٠٢

٦ی دێسامبری ٢٠٢٣

# سیاسەتی دژەپەنابەری یەکیەتیی ئورووپا و کارەساتی دڵتەزێنی خنکانی پەنابەران

ڕۆژی شەممە ١٦ی مانگی دێسامبری ٢٠٢٣دەفتەری ڕێکخراوی نێونەتەوەیی پەنابەری لە لیبی لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکەوە ڕایگەیاند کە: „بەلەمی هەڵگری پەنابەرانی نایاسایی چەند دەقیقە دوای وەڕێکەوتنی لە شاری بەندەریی (زوارە) لە باکووری ڕۆژئاوای لیبی، بەهۆی شەپۆلە بەرزەکانی ئاوی ساحلی ئەم وڵاتە کەوتە ژێر ئاوەوە“. بەپێی ئەم بەیاننامەیە زۆربەی قوربانییانی ئەم ڕووداوە کە چەندین منداڵیشیان لەناودا بووە، خەڵکی وڵاتانی نیجەریە، گامبیا و چەند وڵاتی تری ئەفریقا بوون. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێرییەکان و بەوتەی دەربازبووان، ئەم بەلەمە هەڵگری لانیکەم ٨٦ پەناخواز بووە کە هەتا ئێستا تەنها ٢٥ کەسیان نەجاتیان بووە و ڕەوانەی گرتووخانەیەک لە لیبی کراون. بەدوای ئەم کارەساتەدا وتەبێژی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی پەنابەری بە بڵاوکردنەوەی پەیامێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس ڕایگەیاند: „کە هەتا ئێستا زیاتر لە ٢ هەزار و دووسەد و پەنجا پەناخواز لەمساڵدا بەهۆی ڕووداوەکانی دەریا لە مەدیتەرانەی ناوەندا گیانیان لەدەست داوە.” لیبی و توونێس وڵاتی سەرەکیی حەرەکەتی زۆربەی ئەو پەنابەرە ئەفریقاییانەیە کە بۆ دەربازبوون لە نائەمنی و هەژاری و فەلاکەتی ئابووری و بە هیوای گەیشتن بە ئورووپا لە ڕێگەی ئیتالیاوە، سەفەرێکی دەریایی پڕ لە مەترسی دەستپێدەکەن کە زۆرجار بەرەوڕووی کارەساتی مەرگبار دەبنەوە.

ئەم کارەساتە دڵتەزێنە لە حاڵێکدا ڕوو دەدات کە نزیکەی ٦ مانگ پێش ئێستا لە ٨ی ژۆئەنی ٢٠٢٣ واتە شەش ڕۆژ بەر لە ڕوودانی کارەساتی مەرگباری وەرگەرانی بەلەمێکی ماسیگری لە ئاوەکانی یوونان کە بەهۆیەوە ٦٠٠ کەس لە پەنابەران گیانیان لەدەستدا، وەزیرانی ناوخۆی یەکیەتی ئورووپا لە برووکسێل بە مەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانی پەنابەری کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان بەڕێوەبرد. لەو کۆبوونەوەیەدا وەزیرانی ناوخۆ، پێشنیاری کۆمیسیۆنی یەکیەتیی ئورووپا سەبارەت بە ”یاسای تازەی هاوبەشی سیستمی پەنابەری ئەورووپا“یان دایە بەر لێکدانەوە و لەسەر سیاسەتێکی هاوبەشی دژەپەنابەری ڕێککەوتن . دوای ئەم ڕێکەوتنە، میدیاکانی سەربە دەوڵەتانی ئورووپایی ڕایانگەیاند کە ئەم ڕێکەوتنە تازەیە گیانی هەزاران پەناخواز لە خنکان لە ئاوەکانی مەدیتەرانە نەجات دەدات. بەڵام ئەم ڕێکەوتننامە تازەیە شتێک نەبوو بێجگەلە ژێرپێنانی دوایین بەندەکانی کۆنوانسیۆنی ژنێف سەبارەت بە مافی پەنابەران. بەپێی ڕێکەوتننامەی نوێ و لەپێناو پاراستنی قەڵای ئورووپا، پەنابەران پێویستە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئورووپا داوای پەنابەری بکەن و ئەگەر لەگەڵ پەنابەرێتییان موخالفەت بکرێ، دەستبەجێ بۆ وڵاتی خۆیان یان بۆ وڵاتی بەناو ئەمنی سێهەم دەگەڕێندرێنەوە. ئەگەر لەگەڵ خواستی پەنابەرییان موافقەت بکرێ ئەوکات لە نێوان وڵاتانی ئورووپاییدا دابەش دەکرێن و ئەگەر وڵاتێک وەریان نەگرێ ئەوکات دەبێ جەریمەی نەغدی بدات. ئەوەش بەو مانایەیە کە ئەم وڵاتانە بە دانی جەریمە ”پەنابەران لەکۆڵ خۆیان دەکەنەوە“. هەر ئەوکات لانیکەم چوار وڵاتی یەکیەتیی ئورووپا لەوانە لەهستان و مەجارستان، ڕایانگەیاند کە هیچ پەنابەرێک وەرناگرن و دژایەتیی خۆشیان لەگەڵ دانی جەریمە ڕاگەیاند. بەپێی ڕێکەوتننامەی نوێ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئورووپا ”ناوەندەکانی پەنابەری“ دروست دەکرێن و پەنابەران تا ڕوونبوونەوەی چارەنووسیان لەم ناوەندانە ڕادەگیرێن. ئەگەرچی وەزیرانی ناوخۆی یەکیەتی



ئورووپا باس لە دروستکردنی ”ناوەندی پەنابەری“ دەکەن بەڵام لەڕاستیدا ئەم ناوەندانە ئەو گرووتووخانە خۆفناکانەن کە لە دەرەوەی سنوورەکانی قەڵای ئورووپا دروست دەکرێن. بەمەبەستی هەموارکردنی زەمینە بۆ سازکردنی ئەم ناوەندانە سەرۆکوەزیرانی نیۆفاشیستی ئیتالیا بۆ لیبی سەفەری کرد و لەگەڵ یەکێک لەو دوو دەوڵەتەی ئەوێ ڕێکەوتننامەی واژۆ کرد. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی لێبۆردنی نێونەتەوەیی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا پەناخوازان لە کەمپەکانی پەنابەری لە لیبی بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئاوی خواردنەوە، خۆراک و ئیمکاناتی تەندروستی، مەجبوور بوون پەیوەندی سێکسی ئیجباری قەبووڵ بکەن. لە ڕاپۆرتی ئەم ڕێکخراوە داکۆکیکارەی مافی مرۆڤدا هاتووە کە پەنابەران لە لیبی بەرەوڕووی دەستدرێژیی سێکسیی پاسەوانانی کەمپی پەنابەران دەبنەوە. گرتووخانەکانی لیبی کە پەنابەران تێیاندا ڕادەگیرێن، شوێنی بێبەزەیانەترین ڕەفتار لەگەڵ پەنابەرانن. ئەو پەنابەرانەش کە هێشتا لەناو لیبی دان و لە ساحل و گرتووخانەکاندا نین، لە بازاڕەکانی لیبیدا کۆیلە دەکرێن.

دەوڵەتانی ئورووپایی بە ڕێکەوتن لەسەر سیاسەتێکی هاوبەشی دژەپەنابەری سەدان ملیۆن یۆرۆیان بۆ یارمەتیدانی دەوڵەتی توونێس تەرخان کردووە تا پەنابەران لە کەمپەکانی پەنابەریدا ڕابگرێت و لە چوونیان بەرەو ئورووپا ڕێگری بکات. پرسیار ئەوەیە کە لەم ”ناوەندانەی پەنابەری“دا پەنابەران چ مافێکیان هەیە؟ کامە پارێزەر لە مافیان دیفاع دەکات، بە چ زمانێک لەگەڵیان وتووێژ دەکەن و چ پێوەرێک هەیە بۆ ئەمن پێناسەکردنی وڵاتی سێهەم و یان وڵاتانێک کە پەنابەران لێیان هەڵاتوون. یان وڵاتانی ئێران و تورکیە بۆ ئەو ئەفغانستانییەی کە لە جەهەنەمی تاڵەبان ڕایکردووە و خۆی گەیاندووەتە سنووری یەکیەتیی ئورووپا، بە وڵاتانی ئەمن پێناسە دەکرێن. واتە هەر ئەو وڵاتانەی کە لەسەر شەقامەکان خەڵک وەبەر گوللە دەدرێن و یان ناوچە کوردنشینەکان بۆمباران دەکرێن. ئایا ئەو پەنابەرانەی کە لە شەڕی ناوخۆیی سوودان یان چادەوە ڕێگایەکی پڕمەترسییان بڕیوە، لە بازاڕی کۆیلەفرۆشانی لیبی و شەپۆلی خرۆشانی دەریای مەدیتەرانە نەجاتیان بووە و گەیشتوونەتە سنووری ئورووپا، کامە وڵات لە مەسیری ڕێگایاندا وڵاتی سێهەم و ئەمنە؟

وەزیرانی ناوخۆی یەکیەتیی ئورووپا بەم بڕیارەیان ملیۆنان پەنابەری سووریەیی، عێراقی، یەمەنی، چادی یان سوودانی، بۆ هەمان جەهەنەم دەگەڕێننەوە کە لێی ڕایانکردووە. ئەوەیکە دەوڵەتانی ئورووپایی ئەنجامی دەدەن، هەر ئەو کارەیە کە بریتانیا لە توافوق لەگەڵ وڵاتی ئەفریقایی ”رواندا“ چەندین مانگە ئەنجامی داوە. وێنەی دڵتەزێنی ئوردووگای ”موریا“ لە ”لسبوس“ی یونان و تەلدڕووی دەوری ئەم ناوەندانە، خۆکوژیی لاوان و نەبوونی پێداویستیی پزیشکی تەنانەت بۆ منداڵان، قەت فەرامۆش ناکرێن. هەڵبەت ئەمە وێنەی وڵاتێکی ئورووپایە و زۆر زەحمەت نییە هێنانەبەرچاوی چارەنووسی پەنابەرانی دستبەسەرکراوی دەرەوەی سنووری ئورووپا. بێهۆ نییە کە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی پەنابەران ئەم ڕێکەوتننامەیان بە ”هێرشێکی ئاشکرا بۆسەر یاسای پەنابەری و بە هەڵەیەکی مێژوویی“ پێناسە کردووە.

واقعیەت ئەوەیە کە تا کاتێک شەڕی نیابەتی، مەزهەبی و قەومی کە ئاکامی دەسەڵاتی بەربەریەتی سەرمایەداری و میلیتاریزمی دەوڵەتانی سەرمایەداری ڕەقیبە کۆتایی نەییت، جیهان بەردەوام شایەدی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانە دەبێت. چینی کرێکار و مرۆڤایەتیی ئازادیخواز و یەکسانیخواز بۆ کۆتایی هێنان بەم کارەساتانە چارەیەکی بێجگەلە ڕیشەکێشکردنی ئەو نیزامە نییە کە سات لە دوای سات کارەسات دەخوڵقێنێت.

❊❊❊

# شێعر

## پاییز

"ڕەنـگ زەردی خـەزان، خەتـای پاییــزە ... "
(فۆلکلـۆر)

پاییز و وردەباران و
جاروبار تۆف
تاریکی ڕوو لە زیاد بوون و
ئێوارانی پڕ ئاخ و ئۆف
وەی لە پاییز!
وەی لە پاییز!

***

وا نەزانی پەشۆکاوم
هەرگیز لە گژەبای پاییزان نەترساوم
بەڵام ئاخر چی لێ ئەکەی؟
دە پێم بڵێ چی لێ ئەکەی؟
کە خەم هات و دایگرتیت و
ڕووناکی ڕووی لە کزی نا و
بێ پایانیت هاتە بەر چاو
چی لێ ئەکەی؟

***

- چی لێ ئەکەم؟ با پێت بڵێم، گوێ ڕاگرە:
"جەین ئاستێن"ی ژنە نووسەری ئینگلیزی
کە دووسەد ساڵ لەمەوبەر مرد
بە بیستنی خشەی گەڵا، بە بینینی زەردەی خەزان
بە نووسینەوەی شیرینی وردەواتەکانی ژیان
ئەو نووسەرەی لێ کەوتەوە کە تا ئێستاش
دڵی من و تۆی بردوە
بیرێک بدە بە ڕۆمانی "ئاوەز و هەست"
(ytilibisneS dna esneS) و ئەوانی تر
ناڵێی پاییز خەمبارە و بەکەڵکنەهاتوو؟
دە بـڕۆ چرایـەک هەڵکـە و دانیشـە ورد بیخوێنـەوە
تا جوانیەکانی پاییزت بۆ دەرکەوێ
"پاییـز پاییز"ەکـەی گـۆران، "بووکـی پـرچ زەرد"،
"ئێوارەی پاییز"ەکەی هێمن
دیمەنـی چەنـان ئاشـنا و ڕەنگاوڕەنـگ بـەر چـاو ئەخـەن
نا نا،
هەروەک نەپەشۆکای،
وەک نەترسای
لە "گژەبا" و
نەحەپەسای
لە ڕەشی ئەنگوستەچاوی شەوی پاییز
بە ڕۆژانیش
زەردەی خەزان تەماشا کە
چاوت پڕ کە لە جوانیەکەی
بڕوانە ئەو وردەواتە شاراوانەی
وا ڕۆژانی تر نەت دیبوون
جوان گوێ بگرە و
خێی پێ بدە
گۆرانیە زۆر خەمگینەکانی پاییزیش
پڕن لە ئەسبابی تەرەب!
لە وردەواتی بێ پایان
وردەواتەکانی ژیان
وردەواتەکانی ژیان!

---

چاوە/ فاتح شێخ
بەیانی چواردەی ئۆکتۆبر- ٧١٠٢

***

پێشـــــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧